# کورد لە هاوکێشە سیاسیەکانی بەریتانیادا

## ١٩١٨- ١٩٢٥

پ. ی. د. سوزان کریم مصطفی
بەشی مێژوو- کولیژی ئەدەبیات- زانکۆی سلێمانی- هەرێمی کوردستان- عێراق

## پوختە:

کوردستان وەك پێگەیەکی گرنگ و کاریگەر لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوەو بە پێی رێککەوتننامەی سایکس بیکۆ بووبە ناوچەیەکی ژێر ئینتیدابی بەریتانیا، لەو ماوەیەو تاکو ئێستەشی لەگەڵدا بێت، بەریتانیا هەڵوێستێکی دوژمنکارانەی بەرامبەر بە کورد پیادە کردوەو، هەموو ئەو دەوڵەتو دەوڵەتۆکانی کە بەریتانیاو فەرەنسا لە ماوەی دەسەلاتیاندا لە رۆژهەلاتدا دروستیانکرد، بوونە خۆرەی پرسی کوردو دوژمنی سەرسەختی پرسی کورد. تەنانەت میراتێکیان لە پاش خۆیان بەجێ هێشت کە کوردی خستە قەفەسی وولاتانی هەرێمیەوەو دەربازبوون لەو کێشە قوربانیەکی سەدان ساڵەی خایاند، بەریتانیا وەك دەوڵەتێکی زلهێز هەرگیز لەگەلا چارەسەر و سەربەخۆبوونی کورددا نەبووەو ئەو دژایەتیەی خۆشی نەشاردۆتەوە، لەچەندین بەڵگەنامەو راپۆرتو تەنانەت لە پەیماننامەکانی سیڤەرو لۆزانیشدا بەروونی هەڵوێستی بەریتانیا بەرجەستە بووە. ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا دەمانەوێت بیخەینە روو هەڵوێست و سیاسەتی بەریتانیایە بەرامبەر بە پرسی کورد و خوێندنەوەیەکی رەخنە ئامێزە بەرامبەر بە پەیمان و بەڵێنەکانی بەریتانیاو لەبەرامبەریشدا خستنە رووی لاوازی دیبلۆماسیەتی کورد و بەهەڵە مامەڵە کردنی کوردە لەو قۆناغە مێژووییەدا. بە پشت بەستن بە سەرچاوەو بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکان هەوڵدەدەین تیشك بخەینە سەر هۆکارو دەرەنجامەکانی سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر بە پرسی کورد.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە دەروازەیەكو دوو تەوەرەی سەرەكی:-

تەوەرەی یەکەم تەرخانکراوە بۆ باسکردنی هەڵوێستی بەریتانیا بەرامبەر بە پرسی کورد دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم، تیشك خراوەتە سەر هەڵوێستی بەریتانیا بەرامبەر بە پرسی کوردو سەرنج و بۆچوونی سیاسەتمەدارانی بەریتانیاو هەوڵەکانی کورد لە پێناو بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، هەروەها تیشك خراوەتە سەر کەمو کورتیەکانی سیاسەتمەدارانی کورد لەو قۆناغە مێژووییەدا.

تەوەرەی دووەم تەرخانکراوە بۆ باسکردنی هەڵوێستی بەریتانیا بەرامبەر بە پرسی کورد لە نێوان سیڤەرو لۆزاندا، لەم تەوەرەیەدا تیشك خراوەتە سەر شوێنو پێگەی کورد لە پەیماننامە نێو دەوڵەتیەکانی دوای جەنگی جیهانی یەکەمو گرفتو ئاستەنگەکانی بەردەم بەدینەهاتنی خەونەکانی کورد لە دروستکردنی قەوارەیەکی سەربەخۆ.

***وشە سەرەکیەکان: کورد، بریتانیا، نوئێل، سیڤەر، لوزان.***

## پێشەکی:

کورد پێکهاتەیەکی گرنگی رۆژهەلاتی ناوەڕاستە چ وەك نەتەوە چ وەك پێگە جوگرافیەکەی هەمیشە شوێنی چاوتێبڕینی وولاتە کۆلۆنیالەکان بووە، بۆیە هەمیشە خاکەکەی بەبێ خواستی خۆی بۆتە مەیدانیململانێی زلهێزەکانو تێکەلا بە جەنگو کاولکارییە جیهانیەکان بۆتەوەو خاكو نیشتیمانەکەشی دابەشو پارچە پارچە کراوە، لەئەنجامی تێکچوونی هاوسەنگی هێزە جیهانیو ئیمپریالیەکان، بەهۆی بەهێز بوونی هەندێك لە دەوڵەتانو لاوازی هەندێکی دیکەیان، بیر لە سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی جیهان کرایەوە، ئەمەش جەنگی یەکەمی جیهانی بەدوای خۆیدا هێناو دەوڵەتی عوسمانی لە ئیمپراتۆرایەکی گەورەوە بچووك کرایەوە بۆ چەند ناوچەیەکی دیاریکراو، نەتەوەکانی ژێر دەستی دەوڵەتی عوسمانیش دووچارو گیرۆدەی بەرژەوەندیو تەماعی وولاتە براوەکانی جەنگ بوون، لەمەوە چەندین رێککەوتنامەی جیهانی بۆ دابەشکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی دەوڵەتی عوسمانی هاتنە ئاراوەوە، کوردستانیش بە حوکمی پێگە جوگرافیو سیاسیەکەی، ناوچەو هەرێمەکانی کوردستان بووە مەیدانی شەڕو پێکدادنی وولاتە زلهێزەکانو هەموو هەولاو تەقەلایەکی کورد بۆ رزگاربوونو سەربەخۆ بوون بێ ئاکام مایەوە، لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگیش لە زۆربەی کۆڕو کۆبوونەوە نێودەوڵەتیەکان پرسی کورد کەوتە بەر باسو گفتوگۆ، بەلام بێ چارە هێشتنەوەو دوو دڵی هاوپەیمانەنا لە هەنگاونان بۆ هەر جۆرە چارەسەریەك کوردانی خستە نێو قەیرانو دابەشکارییەکی سەختەوە، لەوانە سیاسەتی دوو فاقی ئینگلیزەکان، کوردانی دووچاری رارایيو بۆچوونی جیاواز کردەوە، هەرچەندە بەریتانیا لە سۆنگەی بەرژەوەندییە سیاسییو ستراتیژیەکانی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

خۆیەوە دەیڕوانیە کوردستان، بەلام درك كردن بەوەی کە هاوپەیمانان ڕۆڵی سەرەکیان هەیە لە یەکلاییی کردنەوەی پاشەرۆژی رۆژهەلاتی ناوەڕاستو بەلاداخستنی کێشەی کورد پاڵی پێوەنان بۆ هەر جۆرە هەماهەنگیو پەیوەندیەك لەگەلا وولاتانی هاوپەیمان بەتایبەتی بەریتانیا، ئومێدی زۆری کوردان بە بەریتانیا خەونی چەندین ساڵەیانی بە بادا، چونکە لەبری چارەسەری کێشەی کورد بونە هۆکاری لکاندنو دابەش بوونی کوردستان بەچەند پارچەیەکی ترەوە، بەمەش لەبری سەربەخۆیی، کوردستان خرایە ژێر دەسەلاتی چەند دەوڵەتۆکەیەکی دروستکراوی دەستی بەریتانیاو وولاتانی دی.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی خودی بابەتەکە کە خۆی لە سیاسەتی بەریتانیا دەبینێتەوە بەرامبەر بەکورد، بەتایبەتی کە تا رۆژگاری ئەمڕۆشمان دەوڵەتە زلهێزەکان رۆڵی کارایان لە یەکلاییی کردنەوەی چارەنوسی گەلانی ناوچەکەدا هەیە، بۆیە توێژینەوەیەکی لەم جۆرە دەبێتەهۆی بەرچاو خستنو رونکردنەوەی سیاسەتی بەریتانیا دوای جەنگی جیهانی یەکەم.

ئامانجمان لە خستنە رووی ئەم بابەتە شەنوکەو کردنی خەباتی کوردو هەولاو تەقەلاکانی کوردە لە پێناو بەدیهێنانی سەربەخۆی لەلایەكو سیاسەتی پاوانخوازی بەریتانیالەلایەکی ترەوە، کە لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیدا قوربانی بە کوردو خاکەکەیدا.

میتۆدی هەڵبژاردنی نوسینەوەی ئەم بابەتە بریتیە لە میتۆدێکی مێژووی شیکاری.

لەم توێژینەوەیەدا هەولا دراوە سود لە زۆرترین ئەو سەرچاوانە وەربگیرێت کە تایبەتە بەو قۆناغە مێژووییە، هەروەها سود لە بەلگەنامە نهێنیەکانی بەریتانیا وەرگیراوە وەك دۆکیۆمینتێکی حاشا هەڵنەگر سەبارەت بەو قۆناغە لەوانە (کورد لەبەلگەنامە نهێنیەکانی بەریتانیادا ١٩١٨- ١٩٢٤)، هەروەها یاداشتی بەشێك لە کەسایەتیەکانی ئەو سەردەمە کەهاو سەردەمی رووداوەکان بوون وەك(رەفیق حلمی: یادداشت، ئەحمەد خواجە: چیم دی، شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی مەزن) چەندین سەرچاوەی کۆمیسیارو ئەفسەرە بالاکانی بەریتانیا وەك(ئیدمۆنز، مس بیل).

ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە دەروازەیەكو دوو تەوەرەی سەرەکی بەمجۆرەی خوارەوە:-

دەروازەکە تەرخانکراوە بۆ کورتە باسێکی مێژووی لە هەوڵی وولاتانی زلهێز بۆ هاتنە نێو کوردستانو باکگراوندێکی مێژووییە سەربارەت بە سەرەتاکانی جەنگی یەکەمی جیهانی.

**تەوەرەی یەکەم:** هەڵوێستی بەریتانیا بەرامبەر بە پرسی کورد دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم: لەم تەوەرەیەدا تیشك خراوەتە سەر هەڵوێستی بەریتانیا بەرامبەر بە پرسی کوردو سەرنج و بۆچوونی سیاسەتمەدارانی بەریتانیاو هەوڵەکانی کورد لە پێناو بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، هەروەها تیشك خراوەتە سەر کەمو کورتیەکانی سیاسەتمەدارانی کورد لەو قۆناغە مێژووییەدا.


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

**تەوەرەی دووەم: هەڵوێستی بەریتانیا بەرامبەر بە پرسی کورد لە نێوان سیڤەرو لۆزاندا:** لەم تەوەرەیەدا تیشك خراوەتە سەر شوێن‌و پێگەی کورد لە پەیماننامە نێو دەوڵەتیەکانی دوای جەنگی جیهانی یەکەم‌و گرفت‌و ئاستەنگەکانی بەردەم بەدینەهاتنی خەونەکانی کورد لە دروستکردنی قەوارەیەکی سەربەخۆ. لە کۆتایی توێژینەوەکەدا ئەنجام‌و لیستی سەرچاوەکان خراوەتە روو.

## دەروازە:

سەرەتای نەهامەتی و ئەو نائارامیەی کە رۆژهەلاتی گرتەوەو تا ئێستەش ئارامی بەخۆیەوە نەبینیوەو پێش ناچێت جارێکی تر ئارامی بە خۆیەوە ببینێ، سەرەتاکەی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو رۆژانەی هێزەکانی ئیمپراتۆریەتی بەریتانی هندستانیان داگیر کردو نوێنەری مەلیکی بەریتانیایان لێ دانا، ئیتر لەو رۆژەوە سەرمایەدارانی بەریتانیا دەستیان بە کێشانی نەخشەیەکی دورو درێژ کرد بۆ ئەوەی هندستان بە جۆرێکی هەمیشەیی لە ژێر دەستی خۆیاندا بهێڵنەوە.[1] ئیدی لێرەوە بیری فراوانخوازی بەریتانیا درێژەی کێشاو پەلی بۆ ناوچەکانی تر هاویشت، بەتایبەتی گەر بڕوانینە بارودۆخی دەوڵەتی عوسمانی بەر لە ساڵی (١٩١٤) بە تەواوی توشی داڕوخان‌و تەنگۆ چەڵەمەیەکی زۆر هاتبوو، بەهیچ شێوەیەك چارەسەری ئەو بارودرخە ئاڵۆزەی پێنەدەکراو بە (پیاوە نەخۆشەکە) ناوبانگی بلاو بوبویەوە.[2] هەوڵدان بۆ دەستبەسەراگرتن‌و داگیرکردنی سامان‌و ناوچە گرنگەکانی جیهان لە رووی ئابوریەوەو دابەشکردنی بازاڕو بەرژەوەندی ئابوری لە فاکتەرە سەرەکیەکانی هەڵگیرساندنی جەنگی جیهانی یەکەم بوون، لەگەرمەی شەڕەکەشدا هەوڵدان بۆ دابەشکردنی ولاتی عوسمانی‌و دەستبەسەراگرتنی ناوچەو هەرێمە بەهادارەکانی لەلایەن هەرسێ دەوڵەتی (بەریتانی‌و روسی‌و فەرەنسی‌و ئیتالیا)ەوە بووە تەوەرەی هەموو چالاکی و جموجوڵێکی دیبلۆماسی‌و سەربازی، چونکە ئەو هاوپەیمانانە لایان رون‌و ئاشکرا بوو، کە عوسمانیەکان وەك دەوڵەت دۆڕاون‌و ئیتر میراتیەکانی دەبێت دابەش بکرێ.[3]

گومانی تێدا نییە کە هێزە جیهانیەکانی وەك (بەریتانیا فەرەنسا روسیاو ئەڵمانیا)ش رۆڵێکی گەورەیان لە قوڵبونەوەی ململانێی نێوانیان بینی، بۆ چەسپاندنی بەرژەوەندییە ستراتیژیەکانیان لە ناوچەکەدا، هەریەك لەو هێزانەو کاریگەرییان بۆ سەرەتای قۆناغێکی مێژوویی دەگەڕێتەوە، لە ئەنجامی ئەم ململانێ مێژووییەدا هەڵوەشاندنەوەی کوردستانی عوسمانی لێ بەرهەمهات.[4] چونکە هێزەکانی عوسمانی و ئەڵمانەکان بە تەنیا هەڕەشەیان لە رێگای هندستان نەدەکرد، کە بەریتانیەکان بەرژەوەندییەکانی خۆیان تێدا دەدۆزییەوە، بەڵکو هەڕەشەیان لە کێڵگە پەترۆڵییەکانی باشوری کوردستان‌و هێڵی دەریایی پاشایەتیش دەکرد، لەو سۆنگەیەشەوە بوو کاتێك دەوڵەتی عوسمانی لە (٥ی تشرینی دووەم) تێکەڵی شەڕ بوو کردارە سەربازییەکانی دەستپێکرد،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

رۆژنامە ئینگلیزییەکان دەستیان کرد بە بلاوکردنەوەی رونکردنەوەی چارەنوسی تورکیا کە چی بەسەر دێت و چی دەبێت، لە(٣)ی هەمان مانگدا رۆژنامەی (دێیلی مێل) نووسیویەتی:" تورکەکان بە زەبری شمشێر چوونە خاکی نەوتاوییەکانو بەزەبری شمشێریش لە ناودەبرێن". [٥]

دەربارەی بایەخی ستراتیژی کوردستان لەم جەنگەدا لایەنە شەڕەوانەکان هەریەکەی لە روانگەی بەرژەوەندیەکانی خۆیەوە تەماشای دەکرد، لە باری سەربازیو جیۆپۆلەتیکی خۆیەوە لێی دەڕوانی، روسەکان دەیانویست بگەنە گەروەکانو کوردستان بۆ ئەوان بەتایبەتی دەڤەرەکانی دەوروبەری تەرابزۆنو ئەرزەرۆمو وانو بەدلیس، بایەخێکی گەورەی هەبوو، هاوکات کوردستان شوێنێکی سەرەکی بوو بۆ پارێزگاریکردن لە قەوقاز، چونکە یەکێك لە مەبەستەگرنگەکانی ئەڵمانەکان بۆ راکێشانی عوسمانیەکان بۆ جەنگ ئەوەبوو لەم بەرەیەدا هێزەکانی روسیا خەریك بکاتو توانای یارمەتی دانی بەرەکانی رۆژئاوایان لاواز بکات، هەربۆیە لەگەلا هەلایسانی جەنگدا هێزەکانی هەردوولا، تورکو روس بەرەو ئەو دەڤەرە رۆیشتن.[٦] مەسەلەی کوردیش لە رۆژهەلاتی نزیکدا، لە مەیانی سیاسەتی چەند دەوڵەتێکی مەزنی تریشدا شتێکی کەم نەبوو، بەریتانیا لە هەمووان زیاترو بە شێوەیەکی تایبەتی چاوی بڕیبووە کوردو بەلایەوە گرنگ بوو، ئەو بەریتانیایەی لە رێی سیاسەتی داگیرکەرانەوە ئێرانی خستبووە ژێر دەسەلاتی خۆیەوە دەیوست عێراقیش بخاتە ژێر دەسەلاتیەوە، ئینگلیزەکان هەوڵیان ئەدا کوردەکان بکەن بە هاوپەیمانی خۆیان بۆ ئەوەی نفوزو دەسەلاتی روسیاو دوای ئەویش ئەڵمانیا لە ئاسیای نزیکدا کەم بکەنەوە. [٧] بۆنموونە دیبلۆماتی بەریتانی (لۆرد کرزن) لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا زۆر بە روونی باسی لە ناوچەی نێوان دووروبار کردبوو کە بکرێتە ناوچەی نفوزی بەریتانی، هەر ئەو کەسایتیە دوای نزیکەی بیست سالا واتا ماوەیەکی کەم پێش جەنگی جیهانی یەکەم، لەبەرامبەر لۆرداتی بەریتانی بەبێ هیچ پێچو پەنایەك رایگەیاند:" هەڵەیە گەرا وابزانین بەرژەوەندییەکانمان لە ناوچەی کەنداوی عەرەبی قەتیس بووە، لەوەش زیاتر ئەو بەرژەوەندییانە لەو ناوچەیەی لە نێوان بەغدادو بەسرە درێژ دەبێتەوە قەتیس نەبوون، بەڵکو لە باکورەوە بۆ بەغداد درێژ دەبێتەوە".[٨] ئەمەش بەیەکەمین دانپێدانانی روونو ئاشکرای بەریتانیا دادەنرێت کە هەر لە زووەوە چاوی بریبووە ویلایەتی مووسڵ، دواتریش ئەم نەخشەیەی لە بیرۆکەیەکەوە کەلەلایەن چەند ئەفسەرێکی بەریتانیەوە گەلالە کرابوو کرد بە راستیەکی مێژوویی.

هەروەها کوردستان جگە لە پێگە جوگرافیەکەی دەوڵەمەندبوو بە زۆر لە کەرەستە خاوەکانی پیشەسازی هەمە جۆر، جگە لەوانە هەر لە کۆتایی سەدەی (١٩ و سەرەتای سەدەی ٢٠) ئیتر بەروونی بۆ وولاتە ئەوروپیەکان دەرکەوت کە خاکی کوردستان گۆمێکە لە نەوتو غاز جگە لە دەوڵەمەندبونی بە هەموو جۆرە کانزاکانی تر، یەکێکی تر لە هۆکارەکان کە بۆ هەر دوو بەرەی شەڕ گرنگ بوو ئەوەبوو کە کورد ژمارەیەکی زۆر شەڕکەری هەبوو، هەرلایەك بتوانێت زوتر دەستی بەسەردا بگرێت دەتوانێت لە رێی سەرەك خێڵو تیرەو بنەماڵەکانیانەوە ئەو شەڕکەرانە لەشەڕگەکاندا



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بەکاربهێنێت، عوسمانیەکانیش هەموو رێگەو فروفێڵێکیان بەکاردەهێناو لە هەموو شتێکیش زیاتر هەستی ئایینی خەڵکی ساویلکەی کوردستانیان دەجولاند، جگە لەوەی بەراستو بە چەپیشدا گفتی دامەزراندنی رژێمی ئۆتۆنۆمیان لە کوردستاندا بلاو دەکردەوەو بەمەبەستی تێوەگلاندنی کوردو کوردستان بە جەنگی جیهانی یەکەمەوە.[٩] دواتریش بەهۆی هەڵگیرسانی جەنگە یەکەمی جیهانی(١٩١٤-١٩١٨)و بلاو بونەوەی سوپای دەوڵەتانی هاوپەیمانان بە دەڤەری خۆرهەلاتی ناوەراستدا بە تایبەتی سوپای بەریتانیا، زیاتر گرنگیو بایەخی ناوچەکەی دەزانی و لە رووکاری جوگرافی جیۆپۆلە تیكو ستراتیژەوە گرنگی دەڤەرەکەی بۆ بەدیار کەت بوو، بۆیە کەوتە ململانێوەو هەوڵی دەستبەسەردا گرتنو کۆنترۆلا کردنی ناوچەکەی دەدا.[١٠]

هەرچەندە لە رووی مێژووییەوە ریشەی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا لە کوردستانو میزۆپۆتامیای عەرەبی بۆ سەدەی (١٨) دەگەرێتەوە، سەرەتای هەوڵەکانی بەریتانیا بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی لە باشوری عێراق بە تایبەتی لە هەردوو ویلایەتی بەصراو بەغدادەوە دەستپێکرد.[١١] وکاتێك کە لە نیوەی دووەمی سەدەی(١٩) پرۆژەی راکێشانی هێڵی شەمەندەفەری بەغداد سەریهەڵدا گرنگیەکەی زیاتر دەرکەوت، بۆ بەستنەوەی دەریای سپی ناوەڕاست بە کەنداوی عەرەبیەوە، کە ئەو هێڵە دەبوو بەخاکی کوردستاندا تێپەرێت، هەروەها کاتێك پەیوەندیەکانی ئەڵمانیاو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەسەرەتای سەدەی( ٢٠) بەهێز بوون، مافی دروستکردنی چەند پرۆژەیەکی راکێشانی هێڵی ئاسن لە ناو تورکیاو ئەو ولاتانەدا کەلە ژێر دەسەلاتی عوسمانیدا بوون، درا بە کۆمپانیا ئەڵمانیەکانو مافی دامەزراندنو بەکارهێنانی هێڵی ئاسنیان پێ درا، یەکێك لەو هێلانە هێڵی بەغداد بوو، کە دواتر بە هێڵی شەمەندەفەری (بەغداد بەرلین) ناسرا.[١٢]

هەر بۆیە ماوەیەك بەر لە دەسپێکی جەنگ، کوردستان ببوە مۆڵگەی چاوساغیو سیخۆرێتی لایەنە رکابەرەکان، کەوتبوونە خۆو زانیارییان دەربارەی کوردستان کۆ دەکردەوە، هەر لە ژمارەی هۆزەکانو ژمارەی ئەندامەکانیانەوە تا دەگەیشتە خوو نەریتو جۆری ئەرکەکانیانو شوێنی جوگرافیو جیۆپۆلۆتیکی. بۆیە لەیەکەم ساتەکانی شەڕەوە کوردستان بووە گۆرەپانی راستەڤینەو چارەنوس ئامێزی بەرەکانی رۆژهەلات، وەك لازاریڤ دەلا:" یەکەم تەقەی جەنگی جیهانی یەکەم لە رۆژهەلاتی نزیکدا، لە رۆژهەلاتی کوردستان دەستپێکرد".[١٣]

لە راستیشدا وەنەبێ هاوپەیمانەکان نامۆ بوبن بەو جێگاو شوێنانەی هەریەکەیان چاوی تێبڕی بوو، بۆ نموونە هەریەکە لە بەریتانیا فەرەنساو بەدەیان گەڕیدەو پیاوی شارەزاو ئەفسەری پسپۆڕی نهێنیان ناردبووە ناوچەکانی بەری ئاسیای ژێر دەسەلاتی عوسمانیو لەرووی سروشتیو ئابوریو دانیشتوانەوە زۆرباش ئاگاداری ناوچەکە بوون، بەتایبەتی لە رووی ئابوریەوە، کە بە هۆی دۆزینەوەی نەوتەوە بایەخدانی ئینگلیزەکان بە کوردستان پەرەی سەند، چونکە دەیانویست ئەو



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ناوچەیە بکەنە بنکەیەکی گرنگ بۆ بلاوکردنەوەی دەسەلاتیان لە هەردوو رۆژهەلاتی نزیك‌و ناوەڕاست‌و پاراستنی بونیان تیایاندا. [١٤] هەر لە ژێر پەردەی ئەم بایەخ‌و گرنگیەی کوردستاندا بەرەکانی شەڕ هەنگاوەکانی خۆیان داڕشت‌و پێش هەلگیرساندنی جەنگ و لەکاتی بەرپابوونی جەنگدا پلان و نەخشەی تایبەتیان هەبووە بۆ داگیرکردنی خاکی کوردستان‌و گەلی کورد، بەلام هەلومەرجێکی لەبار نەڕەخساوە تا وەکو پلانەکانیان جێبەجێ بکەن، ئەمەش لەو سۆنگەیەوەکە هەلکەوتەی جوگرافیای خاکی کوردستان لە جیهانی کۆن و نوێدا پێگەیەکی یەکجار گرنگی تایبەتی هەبووە، لە رێگای ووشکانی و هەواییەوە وەك پردێك وابووە کە کیشوەرەکانی ئاسیاو ئەوروپاو ئەفریقیای بەیەکەوە بەستووەو. [١٥] بۆ ئەم مەبەستەش بۆ کۆکردنەوەی زانیاری‌و لێکۆلینەوە لە ناوچەکانی کوردستان لە نێوان سالانی ( ١٨٩٩- ١٩٠٦) سێر (م. سایکس ) گەشتێکی بە کوردستانی باکوردا کردو لە ناوچەکانی مووسل‌و فوراتی سەرروودا کەوتە گەڕان، سەرەنجام دوو کتێبی بەنێوەکانی ( گەشتێك بە پێنج ویلایەتی تورکیادا لندن ١٩٠٠) و (دوا میراتی خەلیفەکان لندن ١٩١٥ ) دانا، کە ئەمەی دوایی گەشتێکە لە ناوچەی جەزیرەو مووسل‌و کوردستان. [١٦] لەمبارەیەوە (مارك سایکس) نیگەرانی خۆی لەسەر نەبوونی سەرچاوەیەکی رەسەن بە زمانی ئینگلیزی لە بارەی ناوچەکەوە دەربڕیووە، چونکە ئەوەی پشتی پێ بەستیوون لێکۆلینەوەی ئەلمانەکان بوون کەلە سالانی (١٧٤٤)ەوە نوسرابوون. [١٧] ئەم لێکۆلینەوانە دەروازەیەکی دیکە بوو بۆ زیاتر دەرکەوتنی بایەخی ناوچەکەو دابەشکردنی لە نێو زلهێزەکاندا، بۆیە هێشتا جەنگی یەکەمی جیهانی لە گەرمەی دابوو، کە بەریتانیاو فەرەنسا لە رێگەی (سایکس بیکۆ)وە مژولی داڕشتنی نەخشەی دوای روخانی دولەتی عوسمانی بوون، هەردوولا لە (مایسی ١٩١٦) لەسەر هەندێ بنەمای سەرەکی دابەش کردنی دەولەتی عوسمانی رێککەوتن، ئەو رێککەوتننامەیە سەرەتا بیرۆکەیەکی بەریتانی- فەرەنسی بوو، بەلام بە حوکمی ئەوەی روسیا رۆلێکی سەرەکی هەبوو، هەروەها هەندێ ناوچەی دەولەتی عوسمانی لە ژێر دەستی روسیا بوو، روسیا لەگەلا ئەرمەن و کورد جۆرە هاوپەیمانیەکی هەبوو، هەروەها روسیا دوژمنی سەرسەختی دەولەتی عوسمانی بوو، لە هەمووشی گرنگتر روسیا چاوی بڕیبووە بەشی باکوری کوردستان، ئەو ناوچەیەش بۆ داگیرکردن سەبارەت بە روسیا ساناتر بوو وەك بۆ ئینگلیزو فرەنسا، بۆیە هەردوولا بیریان لەوە کردەوە لەو پرۆژە ئیمپریالیەدا روسیاش بکەنە هاوپەیمانی خۆیان، (سازانۆڤ )وەزیری دەرەوەی ئەوسای روسیا هاوشانی (سایکس بیکۆ) بوو، سازانۆڤ لێکۆلینەوەی تەواوی لە پرۆژەکەدا کردو لە (نیسانی ١٩١٦) رەزامەندی ولاتەکەی لەسەر پرۆژەکە راگەیاند. [١٨] گومانی تێدا نیە کە ئەو پەیماننامەیەی بۆ دابەشکردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی‌و ئێران تەرخانکرابوو، بەتەواوی دژی چاکەو سودی کەمە نەتەوەییەکانی ئەو ناوچەیە بوو، لەوانەش گەلی کورد، چونکە ئەو پەیمانە بۆ سودی کۆلۆنیالی خۆیان دانرابوو، تەواو دژی بزوتنەوەی رزگاریخوازی ئەو میللەتانە بوو، کەلە مێژەوە تێ ئەکۆشان دەولەتی سەربەخۆی خۆیان دروست بکەن، ئەم پەیمانە ناوەرۆکێکی دوژمنانەی بۆ کورد هەبوو، لە سەرێکەوە کوردوکوردستانیان پێ دابەش

دەکرد، لە سەرێکی تریشەوە ڕێگایان لە پێك هێنانی نەتەوەیەکی یەکگرتووی کورد ئەگرت، جگە لەمانەش ئەبوونە کۆسپ لە ڕێگەی پێشکەوتنی ئابوریو سیاسیو کۆمەلایەتیو کلتوری کورددا. [١٩] تەنانەت کاتێك جەنگ دەستی پێکرد بەریتانیا هیچ بیرێکیان لە کورد نەکردبۆوە، لە کاتێکدا عەرەبەکان لە پلانە جەنگییەکانی بەریتانیادا بەشێکی دیار بوون، [٢٠] ئەوەتا لە (١٩١٣)دا کاتێ شێخ مەحموود لە سلێمانی پەیوەندی بە نوێنەری ئینگکلیزو فەرەنسەو ڕەسەوە دەکات کە دەستنیشانی سنوری نێوان ئێرانو عوسمانیان دەکرد، پێی دەڵێن:" کە بڕیار بە تەقسیمی شەرق دراوە عێراق بۆ ئینگلیزو سوریا بۆ فەرەنساو جەزائیر بۆ ئیتاليا، ویلایەتی مووسڵ بەر ڕوس کەوتووە". بەلام دووەم جار کە نوێنەر دەنێرێتەوە لای ڕوسەکان لە ئێران وەلام ئەوە دەبێ:" کە بڕیار وابوو ویلابەتی مووسڵ ببێ بە بەشی ڕوس بەلام بڕیارەکە تێك چوو، ئینگلیز قۆستیەوە ئێستە ئینگلیز لەبەسرە شەڕی دامەزراندووە هێزی ئێمەش لە قەزوینە، نیازمان وایە لە خانەقینەوە خۆمان بگەیەنینە بەعقوبە". [٢١] ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە هەر لە سەرەتاوە، کورد پێگەیەکی لاوازی لای ئەو ولاتانە هەبووە، هیچ بایەخێك بە پرسی کورد نەدراوە، تەنانەت ئەو ئەفسەررانەی کە سەرپشك کراابوون لە ناوچەکەدا وەك(پێرسی کوکسو ئارنۆڵد ویڵسن) کۆمەڵە کەسانێك بوون، چەندین سالا لەگەلا عەرەبەکاندا ئەژیانو هەردووکیان شەیدای کلتورو مێژووی عەرەب بوون، ئەوان وەلائیان بۆ ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا بووە، بەلام ئەگەر سەرپشك بکرانایە لە نێوان عەرەبو کورددا بە دڵنیاییەوە لایەنی عەرەبییان ئەگرت. [٢٢] بۆیە هەریەك لەوانە بەو جێگاو شوێنانەی چاوی تێبڕیبوو نامۆ نەبوون، فەرەنساو ڕوسیاش هەریەکە بەپێی خۆی زانیاریان کۆکردبۆوە، لاپەرەکانی مێژوو نموونەی زۆری لەو ناوانە تێدایە کە ئەمسەرو ئەو سەری وولاتیان کردوەو شارەزای دەشتو دۆلاو شیوو چیا بوونو شاربە شار، دێ بە دێ ناسیاوییان لەگەلا هۆزو عەشیرەتو دانیشتوانەکانیاندا پەیدا کردبوو. [٢٣]

لە کۆتایی جەنگیشدا لە ئاکامی خۆبەدەستەوەدانی عوسمانییەکان بە پێی ئاگربەستی (مۆدرۆس) لە (٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨) ئەو ئیمپراتۆریەتەی خستە واقعێکی نوێو گەلانی ژێر دەستی ئەو ئیمپراتۆریەتەش کەوتنە نێو واقعێکی دیکەو ولاتانی هاوپەیمانیش کەوتنە بواری ڕێکخستنو دەست بەسەردا گرتنی دەسکەوتەکان، لەو نێوەندەدا، بێ ئەوەی زلهێزانو براوەی شەڕ حسابێکی ئەوتۆ بۆ خواستی گەلانی ژێر دەستی عوسمانی بکەن، ئەگەرچی لە نێو گەرمەی شەڕدا بە هەموو تواناو هێزێکی خۆیان بانگەشەی مافی چارەی خۆنوسینو ئازادی گەلانیان دەکرد، بەندەکانی ولسونی سەرۆکی ئەمریکاو ڕاگەیاندنەکانی دیکەیان بە ڕواڵەت پەخش دەکرد، بە بڕانەوەی شەڕ ڕووی ڕاستەقینەیان دەرکەوتو مەرامی کۆلۆنیالیستیان ئاشکرا بوو، ئەوەی حسابی بۆ نەکرا خواستی گەلان بوو. [٢٤] بە کۆتا هاتنی شەڕ قۆناغێکی نوێ لە مێژووی خەباتی کورد دەستی پێکرد، ئەم قۆناغە سەرەتای هەوڵە دبلۆماتیەکانی کورد بوو بۆ گەیشتن بە مافی سەربەخۆیی، بەلام لێکەوتەکانی دوای شەڕ دەرفەتی ئەوەی بە کورد نەدا، ببێتە خاوەن قەوارەیەکی سەربەخۆو ململانێی هێزو بارودۆخە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

سیاسیەکە پێچەوانەی ئارەزووی کورد کەوتەوە، لەمەشدا بێگومان هۆکاری ناوخۆیش ڕۆڵێکی دیارو کاریگەری بینیوە، نەبوونی ستراتیژێکی ڕوونو ڕاڕایىو بێ سەروبەری کورد هۆکارێکی تری خراپ لێکەوتنەوەی دەرەنجامەکانی دوای جەنگ بوو.

## تەوەرەی یەکەم: هەڵوێستی بەریتانیا بەرامبەر بە پرسی کورد دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم

جەنگی جیهانی یەکەم بەسەرکەوتنی ولاتانی هاوپەیمانان (بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتالیا، ویلایەتە یەکگرتووەکان، یابان) بەسەر ولاتانی ناوەندىدا ( ئیمپراتۆریەتی نەمسا، مەجەر، دەوڵەتی عوسمانی، ئەڵمانیا) کۆتاییی پێهات، هێزەکانی بەریتانیا توانیان ویلایەتی بەسرەو بەغداو بەشێك لە ویلایەتی مووسڵ داگیر بکەنو لە (٣٠ تشرینی یەکەمی ١٩١٨)دا ئاگربەستی مۆدرۆس واژۆ بکەن.[٢٥] شکست هێنانی دەوڵەتی عوسمانی لە جەنگدا، دەرفەتێکی مێژووییدا بەو نەتەوانەی کە کەوتبونە ژێر رکێفی دەوڵەتی عوسمانیەوە، بەتایبەتی کورد چونکە بۆیەکەمجار سەرکردایەتی کورد توانی بچێتە ئەزموونی دیبلۆماتىو بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ دەنگی خۆیان بگەیەنن بە کۆنگرە نێو دەوڵەتیەکانو پەیوەندی بە نوێنەرانی دەوڵەتە گەورەکانەوە بکەن.[٢٦] چونکە لە ڕووی مێژووییەوە پرسی کورد پەیوەستە بەو پرسەی پێی دەوترێت (پرسی ڕۆژهەلات)و گرنگترین بابەتی کێشەی ڕۆژهەلات بریتیی بوو لە پرسی کورد، کە دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان بەناوی رزگار کەرەوە بزوتنەوە نەتەوایەتیەکانیان قۆرخ کردبوو.[٢٧] بۆیە لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگ حکومەتی بەریتانیا سیاسەتەکانی خۆی سەبارەت بە ناوچەکە ئاشکرا نەکرد، بەڵکو هەنگاو بە هەنگاو سیاسەتەکانی خۆیان لە ناوچەکە دەرخستو سەرەتاش لە کوردی باشوری کوردستانەوە دەستیانپێکرد.[٢٨] لێرەوە کورد کەوتە جموجوڵی سیاسی بە ئومێدی دروستکردنو پێکەوەنانی قەوارەیەکی سەربەخۆ لە ناوچەکەدا، بۆیە پێش کۆتایی جەنگ کورد پەیوەندی بە بەریتانیەکانەوە کرد، لەو کەسایەتیانەی کە لە (١٩١٧) پەیوەندییان بە بەریتانیەکانەوە کردبوو، بریتی بوون لە (مستەفا باجەلان) کە سەرۆکێکی کورد بوو لە ناوچەی خانەقین، شێخ مەحمودی حەفید لە سلێمانیو کوردە نیشتەجێ بووەکانی کەرکوك، هەروەها کوردە ئێزدییەکانی شەنگالیش لە (١٩١٨)دا هەریەك بەجۆرێك پەیوەندییان بە بەریتانیەکانەوە بەستووە.[٢٩] (ئی جەی ئار) سەبارەت بە پەیوەندی کورد بە ئینگلیزەکانەوە دەڵێت:"سەرەتای (مایسی ١٩١٨) هێزەکانمان زیاتر چووە پێشەوەو کفریو توز خورماتوو کەرکوکی داگیر کرد، ئەفسەری سیاسی بۆ هەریەکە لەم ناوچانەش ڕەوانە کرا، کە دەگەیشتنیە هەر کوێیەك دانیشتوان بە شادییەوە پێوازی لێ دەکردینو زۆربەی سەرۆك خێڵەکانیش دەسبەجێ بەڵێنی هاوکارییان پێ دەدایىن، ...، نامەمان دەسبەجێ لەهەمەوەندەکانەوە پێگەیشتو خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی بەرامبەر بەوەی گەیشتوینەتە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

نزيكيانو ئامادەن هەموو شێوە يارمەتييەكمان بدەن".[٣٠] شێخ مەحموودیش دوو نامەی بۆ حاكمی گشتی عێراقو فەرماندەی گشتی لە كەركوك نوسیوەو لە رێگەی (سەید موحسین ئاغا) لە كفریو (عەبدوڵلا سافی یەعقوبی)ەوە لە كەركوك ناردوە بۆ ئینگلیزەكان، لە نامەكاندا شێخ مەحمود دەڵێت:" چەرخی گەردوون ئێوەی بە سەركەوتوویی گەیاندە نیشتمانی كورد كە كوردستانە، لە عوسمانیەكان كورد هیچ بەهرەیەكی وەرنەگرت، دەزانن كە هەزاران سالا ئەم خاكە نیشتمانی كوردە، لە ئادەمیزاد پەروەریتان ئومێد دەكەین كە ئێوە حەقی كورد بدەنو ئازادیو سەربەستی لە كوردستاندا بلاو بكەنەوەو ماوەی ئەوە نەدەن كە كورد بە چەك داوای حەقی خۆی بكاتو بیسێنێت".[٣١]

ئەفسەری سیاسی بەریتانیش لە كفری لە بەرواری (اتشرینی دووەمی ١٩١٨) ئەمەی پێشت راستكردۆتەوەو دەربارەی گەیشتنی نوێنەرانی شێخ مەحموود نوسیویەتی:" نامەیەكیان لەگەڵدا بووە بۆ ئەفسەری سیاسی لە كفری تیایدا جەخت لەسەرئەوە دەكەنەوە كە دەبێت كوردستان لە لیستی گەلانی ئازاددا دەرنەكرێت".[٣٢] هەر بۆ ئەو مەبەستەش لە (١٨ی ئۆكتۆبەری ١٩١٨)دا وێڵسن پێشنیازی بۆ لەندەن كرد، كە پێویستە ئەنجومەنێكی ناوەندی بۆ باشوری كوردستان دابنرێو لە ژێر رێنوێنی بەریتانیادا بێت، ئەوەش تەنها جۆرە سازشێكی بەرژەوەند ئامێزانە بوو، دەنا وێڵسن هیچ كاتێك بە مێشكیدا نەهاتووە ئەو ئەنجومەنە ببێتە بنەمایەك بۆ دەوڵتێكی كوردی سەربەخۆ یان ئۆتۆنۆم، بۆ ئەو مەبەستەش نوئێلی رەوانەی سلێمانی كردو رایسپارد بۆ دانانی دەسەلاتێكی بەریتانی لە ناوچەكەدا دەستبەكاربێت.[٣٣] لەلایەكی ترەوە پێرسی كۆكسی گەورە پیاوی بەریتانی كە بوبە یەكەم كۆمیسیاری بەریتانیا لە عێراقدا لە حوزەیرانی (١٩١٨)دا لە مارسێل لەگەلا شەریف پاشادا كەوتە گفتوگۆ كردن بەو نیازەی خود موختارییەك بۆ هەرێمەكانی كورد پێكبهێنرێت.[٣٤] لە (١٦ی تشرینی دووەمی ١٩١٨) نوئێل دەگاتە سلێمانیو پێشوازییەكی گەرمی لێدەكرێتو نوئێل لە بروسكەیەكدا بۆ بەغداد ئاماژە بەوە دەكات كە هیچ كێشەیەك لە رێگەی دروستكردنی دەوڵەتێكی كوردی لە ژێر سەرپەرشتی بەریتانیادا نابینێت.[٣٥] هەروەها نوئێل بە زمانی فارسی ووتارێك پێشكەش دەكاتو دەڵێت:" بەناوی حكومەتی بەریتانیو حاكمی گشتی عێراق قسەتان بۆ دەكەم ئەمرۆ ئێوە لە دیلی رزگارتان بوو، ئیتر ئێوە سەربەستو ئازادن، شێخ مەحمود حوكمداری كوردستانە، لەسەر فەرمایشی حاكمی گشتی لە بەغداد، ئەم مژدەیەتان دەدەمێ".[٣٦] هەروەها لە سەرچاوەیەك ئاماژە بەوە كراوە كە خودی مەلیكی بەریتانیا جۆرجی پێنجەم پیرۆزبایی لە شێخ مەحمود كردووەو وەك لە نامەكەدا هاتووە:" ئێمە تەبریكی سەعادەتو ئیستقلالیەتی كورد دەكەین، ئومێد دەكەین دۆستایەتیمان هەر لە زیدەبیدا بێت، ئیمزا مەلیكی بەریتانیای گەورە جۆرجی پێنجەم".[٣٧] بەلام ئەمە تەنها سەرەتای سیاسەتێكی نارِونو كاتی بەریتانیەكان بوو بەرامبەر بە كوردو حوكمڕانی كورد لەو قۆناغە مێژوویەدا. بۆیە لە قۆناغەكانی دواتردا دەبینین بەریتانیا دەبێتە خاوەن ستراتیجێكی روونو ئاشكرای دژ بە كورد تەنانەت لە بەدەستهێنانی مافە سادەو ئاساییەكانیشدا، نەك هەر لەو عێراقە تازە دروستكراوەی دەستی خۆی بەڵكو



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لە پارچەکانی تریشدا. چونکە کاتێك شێخ مەحمود کرا بە حکومدار، سنوری دەسەلاتی شێخ بەهیچ شێوەیەك دیاری نەکرابوو، بگرە سنوری هەڵەبجە لە ژێر فەرمانڕەوای جافەکانو سنوری چەمچەمالا لەژێر دەسەلاتی هەمەوەندەکانو سنوری پشدەریش لە ژێر دەسەلاتی بابەکر ئاغادا بووە، بەواتایەکی تر بابەکرئاغا هەر لە ناوچەی دوکانەوە تا ناوچەی قەلادزەو سنوری بتوێن دەسەلاتی هەبوو، پاشان ئینگلیزەکان دوای (٦) مانگ لە دەسەلاتی شێخ مەحمود کەوتنە بچوویکردنەوەی دەسەلاتی شێخ مەحمودو دەیانویست ریزەکانی لەبەریەك هەڵوەشێنن، ئەمەش دوای رۆشتنی مێجەر نوئێل و هاتنە پێشەوەی مێجەرسۆن وەك کەسێکی توندڕەو. [٣٨] ئەمەش بەروونی دەریدەخات کە دانان بە شێخ مەحمووددا وەك حاکمی گشتی سلێمانی، سیاسەتی جێگیری بەریتانیا نەبووە، بەڵکو تەنها تاکتیکێکی کاتی بوو، لە ژێر فشاری بارودۆخی سیاسیو سەربازییدا هاتۆتە ئاراوەوە. چونکە لەو کاتەدا هێزەکانی بەریتانیا لە ژمارەدا کەم بوونو ترسی گەڕانەوەی هێزەکانی تورکیایان هەبوو، بۆیە باشترین چارەسەر پێشوازی کردن بوو لە دامەزراندنی کارگێڕییەکی کاتیو دژ بە تورك، تا بارودۆخەکە روونتر ببێتەوە.[٣٩] ( ئەدمۆنز) باس لە سیاسەتی ئەوسای ئینگلیز لە کوردستان دەکاتو دەنوسێ گرنگی دان بە شێخ مەحموود هەر بۆ دورخستنەوەی دەسەلاتی تورك بوو لە ناوچەکەدا،.... ئەگەرنا حوکمدارییەکەی شێخ مەحموود لە دیدی ئینگلیزەوە واتای بەخشینی سەربەخۆیی بۆ کورد نەدەگەیاند، ئینگلیز شێخ مەحمودی وەك نوێنەری خۆی لە کوردستان تەماشا دەکرد، هەروەها لەمەش زیاتر شێخ مەحموود لە دیدی ئینگلیزەوە تەنیا شێخێکی خاوەن عەشیرەت بوو نەك حاکمێکی سیاسیو عەسکەری (دەوڵەتی کورد)ی. پاشان وەنەبێ شێخ مەحمودیش لەمە نەگەیشتبێ کە ئەو لەدیدی ئینگلیزەوە بایی چەندە.[٤٠] ئەم جۆرە بیرکردنەوە لای زۆربەی سیاسیەکانی ئینگلیز راستەیەکی حاشا هەڵنەگر بوو، ئینگلیزەکانیش تێڕوانینی خۆیان لە دیدی دوژمنەکانی کوردەوە دادەڕشت، ئەوەتا (ئارنۆڵد ویڵسن) ئەوکاتەی کە حاکمی گشتی بووە لە بەغدا دەڵا:" لە گفتوگۆیەکدا لەگەلا سەرکردەکانی عەرەبی عێراق دەربارەی کوردو هەڵسەنگاندنی کورد لەناو ویلایەتی مووسڵدا ئەو عەرەبی عێراقییانە لایان وایە کوردەکان وەکو جوتیارێك وان کە تەنها بەهۆی سەرکردەکانیانەوە ئەتوانرێت بێدەنگ بکرێن".[٤١] ئینگلیزەکانیش هەر لەژێر کاریگەری ئەو بۆچوونانە مامەڵەیان لەگەلا کورددا کردووە، لە رێگەی بەخشینەوەی مووچەو خەلات بەسەر سەرۆكو عەشیرەتەکانیانەوە لە شێخ مەحموودو لە شۆرشی کوردیان دابڕیون.

تەنانەت کاتێك شێخ مەحمود مەزبەتەیەکی بە عەشایەری هەرێمەکە مۆرکرد کە بەپێی ئەو مەزبەتەیە شەریف پاشای کوردی دانیشتوی پاریس کرا بە نوێنەری کوردەکان لە کۆنفرانسی ئاشتیدا بۆ داواکردنی مافی نەتەوەیی کورد، رەفیق حلیمی دەڵێت:" نوسینو رێکخستنی مەزبەتەکەلە پێشەوە لە ماڵی حوکمدارو چەند رەئیس عەشیرەتێکی ناودارو هەندێ لە خوێندەوارە پێگەیشتووەکانو مێجەر نوئێلو ئینگلیزێکی تریش لەوێ بوو،...من خۆم نوسەری مەزبەتەکەو نامە تایبەتیەکە بووم کە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

نێردرا بۆ شەریف پاشاو ئەمانە بە رەشید کابانو ئەحمەد بەرزنجیدا رەوانەی پاریس کرا، بەلام ئەمیش جێگەی خۆی نەگرتو ئەنجامێکی نەبەخشی، چونکە ئەم هەیئەتە نەیتوانی بچێتە پاریسو نامەو مەزبەتەکە بە شەریف پاشا نەگەیشت".[٤٢] کەواتە هەرچەندە ئەم دوو کەسایەتیە بە پاسپۆرتو رەزامەندی پیاوە باوەڕپێکراوەکانی بەریتانیا گەیشتنە حەلەب کەچی لەوێ لەلایەن فەرەنسیەکانەوە مەزبەتەکانیان لێ سەندراو گێڕانەوە بۆ کوردستان، ئەو دوو نوێنەرە بە ئاگاداری مێجەر نوئێلو مەندوبی سامی نێردرابوون، کەچی بەبێ ترس بە فەرمانی ئەفسەرێکی بچووکی فەرەنسی گێڕانەوەو حکومەتە مەزنەکەی بەریتانیاش کە باڵی بەسەر کورددا کێشابوو فزەی لێوە نەهات، لەوەش سەیرتر ئەوەیە لە جیاتی مەزبەتەکە بگاتە دەست شەریف پاشاو کۆمەڵی ئاشتی لای ئینگلیزەکان لە بەغداد سەری دەرهێناو لە کۆمەڵی ئاشتیشدا ماوەی شەریف پاشاش نەدرا.[٤٣] نەك هەر ئەمە بەڵکو بەتەواوی باوەڕیان بە بوونی نوێنەرێکی کورد نەبووە لە کۆنگرەکەداو وەلامی مەندوبی سامی لە بەغدا ئەوە بووە:" هیچ کوردێك نییە کە بتوانێ بەناوی هەموو کوردەوە قسە بکات، کورد بە شێوەیکی گشتی هەستی عەشایەرییان هەیە نەك نەتەوەیی".[٤٤] ئەمانە بەڵگەی زیندوو حاشا هەڵنەگرن کە بەریتانیەکان هەرگیز لەگەلا چارەسەری کێشەی کورددا نەبوونو نەیانویستوە دەنگیان بگاتە کۆمەڵی نێودەوڵەتی.

ئەمە جگە لەوەی هەندێ لەو کاربەدەستانەی ئینگلیز کە لەناو روداوەکانی کوردستاندا ناویان دوبارە دەبێتەوە، ئەگەرچی لەو قۆناغەدا دەوری کاریگەریان لە چارەنوسی سیاسی کورددا هەبووە، بەلام ئەمانە لە کۆمەڵی ئینگلیزو لە مێژووی وولاتەکەی خۆیاندا کەسانێك نین باسبکرێنو بناسرێنو تەنها فەرمانبەرو موچەخۆری بچوویكو نەناسراوبوون، بەلام لەبەختی رەشی کورددا ئەمانەی لێ بوون بە مڵۆزمی دەسەلاتدارو بڕیار بەدەست.[٤٥] لە باشوری کوردستانیشدا زۆر لەو کاربەدەستانەی ئینگلیز کە لە عێراقدا یا لە باشوری کوردستاندا کاربەدەست بوونو ئەفسەری سیاسی بوون، هەمیشە لە راپۆرتو کتێبو نوسینەکانیاندا کوردیان بە میللەتێکی دواکەتوو کێوی لە قەڵەم داوەو راپەرینو شۆڕشەکانی کوردیان وا هەڵسەنگاندووە کە بریتی بوون لە بزوتنەوەیەکی عەشایەریو هەمیشە هەوڵیانداوە وابیخەنە مێشکی خەڵکەوە کە کوردو شێخ مەحمود خۆیان هۆکاربوون لە نەگەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیان.[٤٦] لەوانە ئارنۆڵد وێڵسن پیاوێکی سەر پشك کراو بوو، لەندەن زۆر دور بوو لانی کەم سەفەری دوو هەفتە بوو لەو رۆژگارەدا، کەسی سەرپشکراویش ئەگەرچی کاربەدەستێکی سڤیلیش بێت دەتوانێت جاروبار ئەو سەرکێشیە بکات کە خواستی کەسانی سەروو خۆی پشت گوێ بخات.[٤٧] بەتایبەتی گەر ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ویڵسن خۆی یەکێ لەو ئینگلیزانە بووە لەگەلا بێلا باوەڕیان بە حکومەتو دەوڵەتی کوردی نەبووە،[٤٨] بۆ نموونە وێڵسن حاکمی گشتی بەریتانیا لە بەغداد ئەلا: " ئەو رۆژانەی ئێمە لە میسۆپۆتامیادا ئەمانویست ئیدارەیەکی تایبەت بۆ عەرەبەکان دامەزرێنین، رۆژنامەکانی لەندەن کەبەزۆری لەژێر دەسەلاتی جولەکەدا بوو، نەیان



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئەویست حکومەت بۆ عەرەب دامەزرێنرێ، هەروەها لە پەرلەمانیشدا لایەنگری وایان هەبوو کە دژی عەرەب بوون، بۆ ئەوەی بەڵگە نەدەین بەدەست ئەوانەوە، لە راپۆرتەکانا هەر بەدکاریەکی عەربیمان دیایە ئەماندایە پالا کوردەکانو وشەی عرەبمان لائەبردو ووشەی کوردمان لەجێی دائەناو هەندێ نموونە بۆ ئەو بەدکارییانە ئەهێنینەوە کە چۆن عەرەبەکان ئینگلیزە کوژراوو مردوەکانیان لە گۆڕ دەرئەهێناو ئەموستیلەی ئاڵتونو دانی زێڕەکانیان لەدەم دەرئەکێشا". [٤٩]

ئەوەی لە هەڵوێستی بەریتانیادا بەرامبەر بە کورد بەرچاو دەکەوێت بوونی کۆمەڵێك بەرژەوەندی سیاسیو ئابوریە کە رۆڵی یەکلاکەرەوەی هەبووە لە گۆڕینی ستراتیژو سیاسەتی بەریتانیا لە ناوچەکەدا، بەلام ناکرێت هەموو سوچو تاوانەکان بخرێتە پالا لایەنی دەرەکیو کەم و کورتی و خاڵە لاوازەکانی سیاسەتی کوردی لە پێش چاو نەگرین، سەرباری ئەو هەڵە سیاسیانەی کە سەرکردایەتی ئەو کاتەی کورد ئەنجامی داوە، گەر بڕوانینە سەرەتای پەیوەندیەکانی نێوان کوردو ئینگلیز هەر لە هاتنی (ئارنۆڵد ویڵسن)ی حاکمی گشتی لە عێراق بۆ سلێمانیو کۆبونەوەی لەگەلا (شێخ مەحمود)و سەرۆك خێلاو سەرکردەکانی کورددا کە نوێنەری عەشیرەتە کوردەکان بوون لە لیوای سلێمانیدا بۆ باسو خواس لەسەر پەیوەندی بەریتانیا بە کوردەوە، لە ئاکامی ئەو گفتوگۆیانەی لە گەڵیاندا ئەنجامیدا بۆی دەرکەوت ئەوان لەگەل یەکتریدا ناکۆکنو تەبا نین لەسەر جۆری ئەو فەرمانڕەواییەی دەیانەوێت. [٥٠] ئەوانەی لەو کۆنفرانسەدا بەشدار بوون، ئەگەرچی پیاوە دەسەلاتدارەکانی ناوچەکە بوون، بەلام لەبەرئەوەی زۆربەیان سەرۆکی عەشیرەتی نەخوێندەوارو نەشارەزای کاروباری سیاسی بوون بیروڕای جیاوازیان دەربارەی پاشەڕۆژی ناوچەکە دەربڕی ویڵسۆن لەسەر ئەم کۆبونەوەیە نوسیوێتی:" هەندێ لەوانە بەرێوەبەرایەتیەکی کاریگەری بەریتانییان ئەویست لە کوردستانداو هەندێکی تریشان دژی ئەمە بوون، هەندێکیان سوربوون لەسەر ئەوەی کوردستان راستەوخۆ بەلەندەنەوە ببەسترێتەوە، هەندێکیشیان بە دزییەوە پێیان ووتم نایەناوێ شێخ مەحمووود سەرۆکیان بێ ". [٥١] نە گونجانو ناتەبایی کورد لە زۆربەی قۆناغە مێژوویەکاندا رۆڵی کاریگەرو هۆکاری سەرەکی نەگەیشتنی کورد بووە بە خواستەکانی خۆی ئەوەتالامس بێلایش لە یاداشتەکانی خۆیدا نوسیوێتی:" هەرگیز دوو کورد لەسەر شتێك رێك نەدەکەوتن لە پراکتیکدا". [٥٢]

لەبارەی هەڵەی سەرکردایەتی کوردەوە د.کەمال مەزهەر دەڵێت:" بێ گومان شێخ مەحمودیش وەك هەر سەردارێکی مێژوویی ئەم جیهانە جاروبار دروست نیشانی نەپێکاوە، جاروباریش کەوتۆتە هەڵەوە،... بەلام هەرچۆن بێ دەبێ سەردارو رابەری لێهاتوو لەکەسانی ئاسایی کەم هەڵە تر بن، ئەنجامی هەڵەی ئەوان لەوانەیە کوشندە بێو سەرانسەری گەلێکی پێوە گیرۆدە بێت". [٥٣] بەلا نەبوونی کاریزمای سەرکردەو شارەزا لە بواری سیاسیو کارگێڕی یەك لە هۆکارەکانی شکستی کوردبووە بە درێژایی مێژوو، هەر ئەم هۆکارە بۆتە هۆی بێ باوەڕی هێزە دەرەکیەکان بە کورد. ئەمە جگە لەوەی کە شێخ مەحمودییان هێنایە سەر حوکم تاقمێك لەدەستەو شوێنکەوتەی

خۆی هێنایە پێشەوەو مەعاشی بۆ بڕینەوەو دەوڵەمەند بوون.[٥٤] ڕەفیق حلمی لەمبارەیەوە دەڵێت:"بەم شێوەیە بەشی زۆربەی خزمو کەسوکاری حوکمدارو دەستەو دائیرەی شێخان هەریەکە بە جۆرێكو بەپێی حالاکارێكو یا مەواجبێکیان بۆ ڕێکخرابوو دامەزرابون".[٥٥] ئینگلیز کە زانیان کورد حوکمی پێ ناکرێو بۆ سیاسەت دەستناداتو (شێخ مەحمود) ناتوانێ ئەو دەوڵەتەیان بۆ بەرێ بەڕێوە بەو مەرجەی ئەوان دەیانەوێ، کوردستانی خوارویان لە کوردستانی گەورە داپچڕیو دایان بە فەیسەلا کە حکومەتی عێراقیان بۆ دروستکردو کردیان بە مەلیکی عێراق، چونکە ئەو شارەزای سیاسەت بوو ئەی زانی چۆن بە ئارەزووی ئینگلیز بجوڵێتەوە.[٥٦] ئینگلیزیش ئەمەی بە خاڵێکی باش لە ستراتیژیەتی ئایندەی خۆی لەناوچەکە دادەنا، لەماوەی حوکمی ڕاستەوخۆی ئینگلیز لە کوردستاندا، مێجەرسۆن لەو کەناڵەوە لەگەلا عەقلیەتی تەنویری کوردەکانی سلێمانی گەنگەشەی دەکرد.[٥٧]

هەر لەبارەی شێخەوە لە یاداشتی ژمارە(٣)ی ڕۆژی(٨ی کانونی یەکەمی ١٩١٨)دا کەلەلایەن (مێجەر نوئێل)ی ئەفسەری سیاسی سلێمانیەوە نێردراوە بۆ یاریدەدەری سیاسی کفریو کەرکوكو ئاڵتون کۆپری لەباسی شێخ مەحموودا هاتووە:" بەداخەوە لەلایەن هەندێك خۆتێهەڵقورتێنەرەوە دەورە دراوە کە مێشکیان بە بیرۆکەی بێ واتاو گێلانە پڕکردووە، ئەمانە وایانکردووە خۆی وەك سەرکردەی هەموو کوردستان بناسێتو بودجەیەکی سەرسوڕهێنەر وەربگرێت، لە کاتێکدا فەڕاشە زەلیلەکان بەچەند روپێیەکی کەم شانبەشانی ئەو دەربارو دەستو پێوەندانەی تر تۆمارکراون کە چەند هەرزار رووپێیەك وەردەگرن".[٥٨]

هەرچەندە سەبارەت بە بەریتانیەکان بەڵگە زۆرنو دەیسەلمێنن کە ئەوان بە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی ڕازی نەبوون، بەلام خودی کورد خۆشیان ئەو هەلە مێژووییەیان لە دەستخۆدا، هۆشی ئەو کۆمەڵە تاکو ئەو ڕۆژانەش هەر لەو ئاستەدا بووە کە تەنها دەبێت سەرکردە بڕیاری چارەنوس بدات، ئەوانییش هەستی فیۆداڵیان لا گرنگرت بووە لە پێداویستی ڕۆژگار، بەهۆی ڕقەبەرایەتی کۆنی سەرکردەکانەوە تاخم تاخم لە دە دوازدە پارتو کۆمیتەدا پەرتەوازە بوونو توانای ڕاگرتنی ئەو ڕۆڵەیان پێ نەبوو، پێکەوەنانی دەوڵەت لە توانای ئەوان بەدەر بوو، چونکە بایی ئەو کارەیان بیرو هۆشی رامیاریان پێ نەبوو، ئەوەش کە هەبوو ئەو ڕۆشنبیرە رادیکالانە بوون کەلە ڕاستیدا بە ڕۆشنبیری عوسمانی دەژمێردرانو پەروەردەی فەرهەنگێکی عوسمانی بوون.[٥٩] لەمبارەیەوە تۆفیق وەهبی زۆر بە جوانی دەستدەخاتە سەر ئەو برینەو دەڵێ:"لەگەلا ئەوەشدا کە شێخ مەحمود لە رووی کاروباری دەوڵەتیەوە شارەزاییەکی ئەوتۆی پەیدا نەکردبوو...، ژمارەیەکیش خوێندەوارو ڕۆشنبیرو ئەفسەر لە دەوری کۆببونەوە، بەلام ئەوانە بەشی چەسپاندنو سەرگرتنی ئەو دەوڵەتەی نەدەکرد، کە شێخ مەحمودو هەمووشمان ئاواتمان بۆ دەخواستو سیاسەتی دەوڵەتانیش لەو ڕۆژگارەدا لەگەلا کوردا نەبوو، ئەوانەش کە لەو ڕۆژانەدا لە دەوری شێخ مەحمود کۆببونەوە هەریەکەیان لە ئاوازێك دەیانخوێندو دەمارگیری ئایینیو پەیوەندی کۆنی کورد بە تورکی عوسمانیو خەلافەتی ئیسلامی ژەنگو



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ژاوی رانەماڵرابوو، ئەوانەی لەو رۆژەدا جڵەوی خەڵکی ساویلکەیان بەدەستەوە بوو کەم نەبوون‌و حسابیان بۆ دەکرا، بۆیە شێخ مەحمود نەیتوانی بە ئاسانی لە داوی ئەوانە رزگاریبێت‌و ئێمەش دوای ماوەیەك بۆمان دەرکەوت کە سیاسەتی ئینگلیز ئەوەنەبوو کە حکومەتێکی کوردی دابمەزرێنێت، بۆیە زۆرمان هیوامان بڕاو یەکەیەکە لە شێخ مەحموود دورکەوتینەوە". [٦٠]

بۆیە مامەڵە کردن لەگەلا دەوڵەتێکی براوەی جەنگدو خاوەن ئیمپراتۆریایەکی گەورەو بەهێز پێویستی بە لێهاتووی‌و سیاسی‌و کارامەییەکی زیاتری بواری دیبلۆماتی هەبوو، کە ئەم خالانە لە شێخدا زۆر بەرچاو نەدەکەوت. هەرچەندە هیچ گومانێك لە سیاسەتی دووڕوی بەریتانیا لەناوچەکدا نەدەکرا، چونکە سیاسەتمەدارانی بەریتانیا هەر لەو سەردەمەوە بگرە هەتا ئەمڕۆش نەخشەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستیان بەجۆرێك کێشاوە کە هەمیشە سودی خۆیان لە ناوچەکەدا مسۆگەر بکەن کە ئەو مسۆگەرکردنە هەتا ئێستە بەشێکی زۆری لەسەر حسابی میللەتی کورد لەسەر ئێسك‌و لاشەی رەش‌و رووتی چەوساوەی کورد پێك هاتووە. [٦١] بەلام لاوازی‌و ناتەبایی کوردیش هۆکارێکی سەرەکی گۆڕینی بۆچوونی ئینگلیزەکان بوون لەسەر سەربەخۆ بوونی کورد. تەنانەت ئینگلیز بە هۆکاری خیانەتی کوردی لەلایەك‌و بێ نیزامی سوپاکەی شێخ مەحمود لەلایەکی ترەوە، توانی دەست بەسەر سلێمانیدا بگرێ، هۆکاری شکستی شۆڕشەکەو بە دیل گرتنی شێخ مەحمود کورد خۆی بوو، لە پاش ئەو کارەساتە مێجەرسۆن لە سلێمانی، ئەدمۆنز لە کەرکوك، کاپتن های لە هەولێرو کۆلۆنێل لیچمان لە مووسڵ‌و ئەفسەرە سیاسیەکانی تر کە داوای حوکمی راستەوخۆیان دەکرد، هەوڵیاندا بیرۆکەی حوکمی مەرکەزیەتی راستەوخۆ ببوژێیننەوە. [٦٢] های‌و سون باوەڕییان وابوو کە فەرمانداری راستەوخۆ تاکە رێگایە بۆ حوکم کردنی کوردستان، بەحوکمی ئەوەی مێجەرسۆن کوردیەکی باشی دەزانی بۆیە دەستی کرد بە گرنگی دان بە زمانی کوردی‌و کەلتوری کوردی لە رێگای دەرکردنی هەفتەنامەی پێش کەوتن توانی بووی زۆربەی رۆشنبیرانی سلێمانی لە خۆی کۆبکاتەوە بەمەش زەبرێکی تری کوشندەی لە پێگەی شێخ مەحموود لە ناوچەکەدا دەدا، هەروەها پرۆسەی بەمەرکەزیەت کردنی حوکمی ئیتگلیزی لە کوردستان مسۆگەر تر کرد. [٦٣] لەگەلا هەموو ئەمانەشدا ئەگەر بەریتانیاو فەرەنسای کۆلۆنیالیزم بیانویستایە دەوڵەتی کوردی دابمەزرێت، ئەوا دەبوو خۆ ئەگەر ئەوان بیانویستبا رادەی هۆشیاری پێشەوایانی کورد چییان لەوانەی سەرانی کیشوەری عەرەبەکان کەمتر نەبوو. [٦٤] بەلام تەماعی بەریتانیا لە زەوییە بە پیت‌و خاکە دەوڵەمەندەکەی بە پەترۆلاو بەرهەمە سروشتیەکان هۆکارێکی تری دورخستنەوەی شێخ بوو لە دەسەلات‌و حوکمداری لە دەڤەرەکەدا، چونکە بە بوونی هیچ دەسەلات‌و هێزێك لە بەرامبەر بەریتانیادا، بەریتانیا توانی بەتەواوەتی کۆنترۆڵی ناوچەکە بکەن‌و بەتەوای دەستبەسەر بەرهەمە سروشتیەکانی دەڤەرەکەدا بگرێت‌و سودو قازانجێکی زۆر وەدەست بخات، بەتایبەتیش پترۆلا کە دەڤەرەکە زۆر دەوڵەمەند بوو بەم بەرهەممە ئەوە بوو توانی بە ئاسانی‌و بە تێچوونێکی کەم پەترۆلا لە چاڵگەکان دەربهێنن‌و بەهۆی نزیکیەوە لە کەنداوی عرەبیەوە بیگوازێتەوە،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

ڕەنگە ئەمە فاکتەرو هۆیەکی بەهێز بوبێ کە چارەنوسی دەسەلاتو حوکمڕانی لە باشوری کوردستان بەو سەرەنجامەی گەیاندبێتو حکومەتەکەی بەرەو لێرەواری روخان بردبێتو بەریتانیا نەیویستبێت حکومەتو دەسەلاتی کوردی و کیانێکی سەربەخۆ بۆ کورد بێتە دی. (٦٥) کاتێکیش ئینگلیزەکان لە (١٩٢٢)دا شێخ مەحمودیان لە هیندستانەوە هێنایەوە، بەوهیوایە هێنایانەوەکە شۆڕشەکەی کوردستانی پێ دامرکێننەوەو ئۆزدەمیر برەتێنیەنەوە بۆ تورکیا، نەك بۆ داوای ئازادی کورد. (٦٦) بۆیە هەر لەسەرەتای حوکمدارییەتی دووهەمەوە ئینگلیزەکان بە ئاشکرا دەیانویست سنوری دەسەلاتی شێخ مەحمود لە شاری سلێمانیو لە ناوچەی سلێمانی بەولاوە تێپەڕ نەکاو پەل نەهاویژێت، ئینگلیز نەیویستوە شێخ مەحمود دەست بەسەر دەرامەتی ناوچەکەی خۆیدا بگرێو نەیهێشتووە سوپایەکی پڕ چەکی هەبێتو نەیانهێشتووە خۆی بە هێز بکات، چونکە ئەوان لە راستیدا شێخ مەحمودی بە دەسەلاتو بەهێزیان نەدەویست کەلە خوارووی کوردستاندا خۆی بچەسپێنێت. (٦٧) لە بروسکەی نهێنی ژمارە(١٠ی کانونی دووەمی ١٩٢٤) کە نێردراوە بۆ وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری موستەعمەرەکان هاتووە:"... لە کەرتی سلێمانی کە سەرکردەیەکی ئایینی بەناوی شێخ مەحمود بەم دواییانە لە مەنفا هێنراوەتەوە وەكو کۆسپێك لە رێگەی تورکەکان دانرا، لە پێناو کوردستانێکی سەربەخۆدا پشێوی دەنایەوەو لە پێناو پشتیوانیدا لەگەلا تورکەکاندا پیلانگێری دەکرد، دوو دڵی سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر نەخشەی ئەم کوردە ناسیۆنالیستە سەبارەت بە نیازەکانی ئێمە، مێشکی گەنجانی عەرەبی پڕ لە گومان کردبوو، بە شێوەیەکی بلاو باوەڕ وەها بوو لە ژێر چاودێری هەمیشەیی بەریتانیادا ئێمە بیرمان لە دروستکردنی پشتێنەیەکی کوردی کردبێتەوە کەلە شاخەکانەوە بۆ هەمیشە دانیشتوانی عەرەبی دەخاتە ژێر دەستیەوە". (٦٨) پێمان وایە ئەم بەڵگەنامە نهێنیە تەواوی ووتەکانی سەرەوە پشت راستدەکاتەوەو گومانی تێدا ناهێڵێت، کە دروستکردنی کوردستانێکی سەربەخۆ هەرگیز لە لای بەریتانیەکان گەلاڵە نەبووە.

لەگەلا هەموو ئەو راستیانەشدا دەبوایە کوردیش ژیرانە سیاسەتی وردی لەمەر بەریتانیاو دەوڵەتی عوسمانی پیادە بکردایەو خۆ گونجاندنو تەبایی لەبەرامبەر داگیر کارییەکاندا بەرهەم بهێنایەو کایەی سیاسیو تەرازووی هێزو بەرژەوەندیەکانی کوردی بەرچاو بگرتایە، دۆخی دەڤەرەکەی لەکایە سیاسیەکاندا باش هەڵسەنگاندایە بەشێوەیەکی دیبلۆماتی بەشداری کایە سیاسیەکانی دنیای بکردایە نەك بە عەقڵیەتێکی کورت بینو کەم بایەخەوە دژی دەوڵەتێکی براوەی شەڕی جیهانی وەك بەریتانیای گەورە بوەستێتەوەو خۆی تێکەلاوی ململانێیەکی بێ ئەنجام و مسۆگەر بە شکست بکردایە. (٦٩) کەوا بوو هەلومەرجە ناوخۆیو دەرەکیەکانو هەلو مەرجی ئابوریش لەبەرژەوەندی کوردو جولانەوەکەی شێخدا نەبوە، بەتەواوەتی پارسەنگی گونجاوو لەبار بۆ هەلایسانی شۆرش و دامەرزاندنی حکومەتەکە لەبارو گونجاو نەبووە، ئەوەش لە زۆرینەی دۆکیۆمێنتو نوسراوو دەستەواژە نوسراوەکانی ئەو کاتەدا بەتەواوی بەدیاردەکەون، دەتوانرا بە شێوازێکی ژیرانەتر مامەڵەی سیاسی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لەگەلا كۆی هێزە سیاسیەكانی ئەوكاتدا بكرایەو كۆدەنگیەكی گەورەو بەهێزی كوردستانی دروست بكرایەو لە ئاستی گۆڕانكاریەكانی سەردەمەكەدا بوایە.

## تەوەرەی دووەم: هەڵوێستی بەریتانیا بەرامبەر بە پرسی كورد لە نێوان سیڤەرو لۆزاندا

لە دوای جەنگی جیهانی یەكەمەوە نزیكەی (١٠٠) كۆنگرەو لیژنە بۆ دابەشكردنی رۆژهەلاتی ناوەڕست پێكهێنراوە، گرنگترینیان لیژنەی بنسن (١٩١٥)، سایكس بیكۆ(١٩١٦)، ڤێرسای (١٩١٩)، سان ریمۆ (١٩٢٠)، سیڤەر(١٩٢٠)، كۆنگرەی قاهیرە (١٩٢١)، لۆزان(١٩٢٣)، كەچی جگە لە سیڤەر ئەوانی تر هەموو گورز بووە لە كوردستان، لە (سایكس بیكۆ سازانۆڤ)، كوردستان بۆ چەند پارچەیەك دابەشكرا، لە (سان ریمۆ) ویلایەتی مووسڵ كە خرابوە سەر بەشی فەرەنسا خرایە سەر بەشی بەریتانیا، لە كۆنگرەی (قاهیرەش) عێراقیان لێ دروستكرد.[٧٠] سیڤەر لە نێوان (بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتالیا، ژاپۆن، بە لژیكا، یۆنانستان، رۆمانیا، پۆلەندا، پرتوگال، چیكسلۆڤاكیا، یوگسلاڤیا، حیجاز، ئەرمینیاو دەوڵەتی عوسمانی) لە (١٣ بەش‌و ٤٣٣ ) بەند پێك هاتبوو، سێ بەندی (٦٢، ٦٣، ٦٤) تایبەت بوو بە كودستان، كە لەلایەن (٥) لیژنەی تایبەتەوە كە لە كۆنگرەی ئاشتی پاریس بە شێوەیەكی یاسایی دارێژرابوو، كە مەبەست لێی تەنها كۆتایی پێهێنانی دەوڵەتی عوسمانی نەبوو، بەڵكو بۆ كۆلۆنیكردنی توركیا بوو.[٧١] لە پەیماننامەی سیڤەردا لە سێ بەندا باس لە پرسی كورد كرابوو، مافی سەربەخۆیی لە دەوڵەتی عوسمانی دابووبە كورد، ئەویش بە پێكهێنانی حكومەتێكی كوردی سەربەخۆ بە چەند مەرجێك، لە چوارچێوەیدا باشوری كوردستان دیاریكرابوو.[٧٢]

پەیمانی سیڤەر سنوری نوێی لە رۆژهەلاتی نوێدا داهێنا، سنورە دەستكردەكان كە لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا داتاشران، لەگەلا روانگەو پێداویستی‌و مافەكانی گەلاندا نەدەهاتەوە، بەڵكو لەسەر بنەمای پێویستی سیاسیانەی هێزەكانی هاوپەیمانان هاتنە بوون، سنورەكان لە سەر خواست‌و ئارەزووی هێزە دەرەكیەكان دارێژران، ئەمەش بەمەبەستی بەهێز كردنی پێگەكەیان بوو لە هەرێمەكەدا، بۆ ئەوەی ناوچەی نوێی خۆیان دابمەزرێنن‌و بەرژەوەندییە ئابوری‌و كۆلۆنیالیەكانییان بپارێزن.[٧٣] دەوڵەتە سەرمایەدارەكان لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندیەكانی خۆیان لە ناوچاكەداو بۆ ئەوەی دانیشتوانی ناوچەكەش قایل بكەن، لە( ٢٥/ ٤/ ١٩٢٠) رێككەوتنامەی سان ریمۆیان مۆركرد، كە بەگوێرەی ئەو رێككەوتننامەیە چەندین ماندات‌و دەوڵەتۆكەی بێ سیادەو موستەعمەرەیان پێكهێنا، لەوانە عێراق، سوریا، لوبنان، فەلەستین، ئوردون، عەرەبستانی سعودی‌و میرنشینەكانی كەنداو) كە هیچیان نە پاساوی بونە دەوڵەتیان هەبوو نە پێداویستیەكانی ژیانی دەوڵەتیش، بەم جۆرە نەیانهێشت

گەلانی ناوچەکە بە ئامانجە نەتەوەیەکانی خۆیان بگەن، بەڵکو لە بری ئەوە بەوپەڕی بێ ویژدانیەوە نەتەوەو نیشتیمانەکەیان لە نێوان دەسەلاتو نفوزی ئینگلیزو فەرەنسادا دابەشکرد.[٧٤] لە راستیدا ئەم رێکەوتنەی نیوان فەرەنساو بەریتانیا ئەنجامی زنجیرە مانۆڕێکی ئیمپریالیانەی بەریتانیا بوو، کە دەیویست بە تەنیا دەسەلات بەسەر شوێنە ستراتیژیو چاڵە نەوتەکانی کوردستاندا بگرێت، بۆیە مەسەلەی دیاریکردنی سنوری تورکیاو عێراق، سازشکاری لەمەڕ نەوتی عێراق، مەسەلەی کوردو مافەکانی گەلی کورد، هەموو ئەمانە لەلایەن ئیمپریالیستی بەریتانیاوە بەکارهێنران، بۆ دەستگرتن بەسەر شوێنی ستراتیژی کوردستانوبەکارهێنانی لەلایەن ئیمپریالیزمی بەریتانیاوە، کە پیێ ئەم پەیمانە فەرەنسا دەستبەرداری ناوچەکانی خۆی بوو بۆ بەریتانیاو لە بری ئەمە کۆمەڵێك بەرژەوەندی نەوتیو قازانجی تری وەرگرت.[٧٥]

سیڤەر روناکی نەدیتو نەکەوتە بواری جێبەجێ کردنەوە، چونکە تورکیای عوسمانی دۆڕاوی جەنگ لەسەر دەستی مستەفا کەمال هەستایەوە سەرپێو سەرکەوتنی بەدەستهێنا و پەیماننامەی سیڤەری رەتکردەوە.[٧٦] (ئەدمۆنز) لەبارەی پەیمانی سیڤەرەوە دەڵێت:" پەیمانی سیڤەر بەر لەوەی لە دایك ببێ مرد، بەلام خەونی کوردستانی سەربەخۆ هەروا لە بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا زیندوو مایەوەو لە بیر نەکراو شەش ساڵی تریشی گرت تا سەرەنجام چارەنوسی ویلایەتی مووسڵ بە یەکجاری دیاریکرا، لەم ماوەدا دردۆنگی وەك مۆتەکە خۆی بەسەر رەوتی سیاسەتدا کێشابوو و هەرچەشنە هەوالاو تێکۆشانێکی بۆ جێگیرکردنی سیستەمێکی بەهێزو خۆڕاگری ئیداری تووشی شکستو فەوتان دەکرد".[٧٧]

هەرچەندە پەیمانی سیڤەر هیواو ئومێدی کوردان بوو لە بەدیهێنانی کوردستانی سەربەخۆدا بەلام ئەم پەیماننامەیە بێ کێشەو کەمو کورتی نەبوو، بگرە لە رووی سیاسیو یاساییەوە کۆمەڵێك هەڵوەستەی لەسەر دەکرێت، لە هەموویان زەقتر هەڵپەساردنی بڕیاری چارەنوسی کوردستان بوو بۆ ماوەی ساڵێك (ماددەی ٦٤)، کوردستانو ناوچەکانی سمیرنا- ئەزمیری ئێستا) بەو شێوە هەڵپەساردنەوە مانەوە.[٧٨] هەروەها ناوچە کوردنشینەکانی سوریاو دەرسیمی رۆژئاوای لە ناوچە خود موختارەکەدا جێ نەکردەوەو لە هەمووی گرنگتر نەیتوانیبوو سنوری کوردستان لەگەل ئەرمەنستان دیار بکا، ئەم مەسەلەیە وەك پێشبینی دەکرا بەناچاری یەکێك لە دوو لایەنی کوردیو ئەرمەنی ناڕازی دەکرد، هەر نەخشەی سنوری پێشنیار کراوی (وێڵسن) کە لایەنگری ئەرمەنەکان بوو، پاشکۆی پەیماننامەکەش بوو بە ئاشکرا ئەمەی نیشان دەدا.[٧٩] هەروەها ئەم پەیماننامەیە هەموو زەویەکانی کوردستان کە کەوتبووە رۆژهەلاتی کوردستانی، نەخرابووە سەر ئەو دەوڵەتە یاخود ئەو حوکمی زاتیەی کە بڕیار بوو لە دوای ساڵێك دروست بکرێت، بەڵکو تەنها ئەو زەویانەی گرتبۆوە کە لە ژێر دەسەلاتی عوسمانیدا بوو.[٨٠] ئەگەرچی خاڵەکانی تایبەت بە کوردستان بە هەوڵەکانی ئینگلیز داڕێژرا بوو، بە پێی ئەو سیاسەتو تێڕوانیەی ئەو کات سەبارەت بە کوردستان هەیانبوو، لەگەلا ئەوەشدا ئەگەر ناوەرۆکی بەندەکانی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

تایبەت بە کوردستان بە جوانی لێك بدەینەوە دەبینین پڕە لە ناکۆکیو جودایی‌و بێ بڕوایی بە داهاتووی کورد، هەرلەوکاتەشدا بوو کە ئینگلیزو فەرەنساو ئیتالیا ڕێکەوتننامەیەکی سێ قۆڵیان مۆرکرد سەبارەت بە نفوزیان لە باکوری کوردستان، بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە ئینگلیز بڕوای بەسەربەخۆیی کوردستان نەبوەو کاری بۆ نەکردوە.[٨١] هەر لە ئەنجامی ئەوەشدا بەهۆی بەرژەوەندی دەوڵەتە گەورەکان بەتایبەتی بەریتانیا ڕێکەوتنامەی سیڤەر وەلا نراو ڕێکەوتنامەی لۆزان بەستراکەبەیەکجاری کێشەی کوردی پشت گوێ خست. لەبارەی سیڤەرەوە د. سعد ئەسکەندەر دەڵا بەریتانیا باوەڕی بەو ماددانەی نەبوو، د.کەمال مەزهەریش دەڵا ئەو ڕۆژەی جاڕی پەیماننامەی سیڤەر درا، بەریتانیاو فەرەنساو ئیتالیا کۆببونەوە بۆ دابەشکردنی کوردستان، بۆیە ولیام ئیگلتن ناهەقی نەبووە کە وتویەتی سیڤەر بە مردوویی مۆرکرا.[٨٢]

سەبارەت بە هەڵوێستی بەریتانیا بەرامبەر بە ڕێکەوتننامەکە لە سەرنجی کۆمیسەری بالای بەریتانیاوە بۆمان دەردەکەوێت کە بۆچوونی خۆی دەربارەی مەسەلەکە بەبەدگومانیەوە بەم شێوەیە خستۆتە روو:"دەربارەی ئەوەی سەربەخۆیی یان خودموختاری کوردستان وەك ڕێوشوێن بابەت یان مەسەلەیەك بێ، مایەی گومان‌و دودڵیەکی زۆرەو بەهەر حالا شتێك بەناوی رای گشتی خەڵکی کورد بە مەفهومی رای گشتیەکی پەیوەست‌و ڕێکخراو بوونی نییە،...کەمن ژمارەی ئەو کوردانەی بۆ سەرووتر، لە ئاغاکانی هۆز یان شێخەکان، کەلە نێوان ئەوانیشدا هەستێکی هاوبەشی نییە، بڕوانن... ئەو چەند کوردە خوێندەوارانەی دەرەوەی کوردستان کە بیری جیابوونەوە خوازیانەیان هەیە، زۆرتر حەزیان لەوەیە مەدحی خۆیان بکەن‌و بایەخ و نفوزی خۆیان گەورە بکەن". [٨٣] هەروەها مس بێڵ سەبارەت بە کوردستانی سەربەخۆ دەڵێت:" ئەوەی تێبینی دەکرێ بزوتنەوەی کوردی کەوا قۆناغی باشی بڕیوە لە رەوتی خۆیدا، هەرچەندە من باوەڕم وایە کە ئەم بزوتنەوەیە هیچی تێدا بەستە نییەو بیرۆکەی بوونی کوردستانێکی سەربەخۆ بیرۆکەیەکی تەواو خەیاڵییە".[٨٤]

بۆیە نەکارەیی کورد لە پەیدا کردنی ڕێبەرێکی شایان، بێگومان گورزێك بوو لە ئومێدەکانی بەریتانیا درا، بەلام نەکارەیی گەورەترو بێ توانایی خودی هاوپەیمانان بوو، کە نەیانتوانی جێگرەوەیەکی گونجاو بۆ ڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆ بدۆزنەوەو نەیانتوانی بۆ ژیان‌و ئایندەیەکی رۆشن ڕێگایەك بخەنە بەردەم خەڵکی ئەنادۆلا.[٨٥] لە راستیدا ئینگلیزەکان پەیمانی سیڤەریان وەك قۆناغێك لە قۆناغەکانی ململانێ بەکارهێنا، چونکە خۆیان کە هێزێکی گەورەو سەرەکی بوون لە پەیمانەکە باوەڕیان پێی نەبوو ئەمەش لەو چاوپێکەوتنە دەردەکەوێ کە سەید تەها لە( ١٨- ٢٣ی ئابی ١٩٢٠ )لەگەلا (کاپتن هێی) فەرمانڕەوایی سیاسی ئینگلیز لە هەولێر ئەنجامیدا، کاپتن هیی بەسەید تەهای گوت: ئەرکی بەریتانیا نییە خۆی لە کاروباری کوردستان هە ڵقورتێنێ، بە گوێرەی دەقەکانی ڕێککەوتننامەی ئاشتی بڕیار دراوە لە ماوەی چەند مانگێکی کەم، لە ئەوروپاوە لیژنەیەك پێکبهێنرێت بۆ دیاری کردنی سنوری ئەم وولاتە، کاپتن هێی خۆی گومانی لەسەرکەوتنی ئەو لیژنەیەو



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

تەنانەت لە هاتنیشی هەبوو.[٨٦] بۆیە زۆری نەخایاند رەوشی نێو دەوڵەتیو هەرێمیو کوردستان بە ئاڕاستەیەکی ئیجابیانەی ئەم رێکەوتننامەیە نەڕۆیشت، لەلایەك دابڕانو دابەشبوون لە نێو هاوپەیمانانێدا لەبەرامبەر تێڕوانینیان سەبارەت بە مستەفا کەمال رویدا، بەتایبەت لە نێوان فەرەنساو ئیتالیا لەلایەكو بەریتانیا لەلایەکی تر، تێکشکانی فەرەنسا لە (کلیلیە)و هەڕەشەی جولانەوە (کەمالیزم) بۆ دەروازەی باشوری کوردستانو لافاو شالاوی (کۆمۆنیزم)و نزیکبونەوەی لە نێو خەڵکی کوردستانو نەکارایی کورد لە لە رێکەوتن لەسەر رێبەرێکی شایستە بەخۆیان بگەنە ئەو بڕوایەی کوردەکان وەك پەلکە زێرینە هەموو جۆرە رەنگێکیان هەیە پڕوپاگەندەی دابەشکردنی کوردستان، کارێکی نێگەتیڤانەی هەبوو، ئەوجا (پان ئیسلامیزم)و رێکەوتن لەگەلا ئەرمەنەکان ئەمانە لە ناوخۆدا رەنگدانەوەی سلبی هەبوو کوردی کردە فرەڕا.[٨٧] (بوانکارییە) لەسەر حەق بوو کە ووتی رێکەوتننامەی سیڤەر لە کارگەی سیڤەری نێو نەتەوەیی واژۆی لەسەر کراوە، ئەو شوێنەی کە جێگای دروستکردنی کاسەو گۆزەو دیزەی گڵێنەیی بووە، بۆیە ئەم رێککەوتننامەیەش وەك هەر گوڵدانێك شکاندنی زۆر سانا بوو.[٨٨]

لە راستیدا ئینگلیزەکان دەیانویست کورد وەك کارتێکی فشار بەکاربهێنن، لەو نامەیەی نوئێل لە( ١٥/ ١١/ ١٩٢٢) بۆ شێخ مەحمودی ناردووە، بە روونی ئەوە دەردەکەوێت کاتێك باسی ئەوەی دەکرد لەگەلا کۆمیساری بالادا گفتوگۆی کردوەو بۆی دەرکەوتووە کە ئێستا ناتوانرێ بابەتی سەربەخۆیی کوردستان کۆتایی پێ بهێنرێت، ئەگەر شا فەیسەلاو حکومەتی عێراق رازی نەبن. بەم جۆرە ئینگلیز چارەنووسی باشوری کوردستانیان بە دەسەلاتی حکومەتی عێراقی بەستەوەو هاوکات ویستیان کورد هێوربکەنەوەو وایان نیشان بدەن کە ئامادەن شتێکیان بۆ بکەن، تاوەك فشارێك لە کۆنگرەی لۆزان دژی تورکەکان بەکاری بهێنن.[٨٩]

لە (٢٢ی مارتی ١٩٢٢) کۆنگرەی رۆژهەلاتی نزیك لە پاریس بەسترا وەزیری هەندەرانی هەموو دەوڵەتە هاوپەیمانەکان تیایدا ئامادە بوون، لەو کۆنگرەیەدا باسی دۆزی کورد نەکرا، کەمالیستەکان توانیان ئەوە رەتکەنەوە کە دۆزی کورد بخرێتە بەرنامەی کۆنگرەی لۆزانەوە بەم جۆرە لە( ١١ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢ )ئاگربەستی مۆدانیا مۆرکرا، لە( ٢٠ی تشرینی دووەمیش) کۆنگرەی لۆزان دەستی پێکرد.[٩٠]

لەو رۆژانەدا کە لە لۆزان کۆبوونەوە هەبوو حکومەتی بەریتانیا داوای لە کاربەدەستانی ئینگلیز کرد کە کەمێك بە نەرمی لەگەلا تورکەکاندا بجولێنەوە، ئەوە بوو بەپێی رێکەوتنی سان ریمۆ لەسەر ئەوە رێکەوتن کەلە ٢٠٪ی پشکەکانی کۆمپانیای نەوتی کەرکوك بدەن بە تورکیا، بەلام حکومەتی بەریتانیا لەسەرەتای (ئەیلولی ١٩٢٣)دا مەرجێکی بۆ ئەوە دانا کە بریتیی بوو لەوەی دەبێ تورکەکان بەرامبەر بە ٢٠٪دا دان بەوەدا بنێت کە ویلایەتی مووسڵ بەشێك دەبێ لە عێراق.[٩١]



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هەروەها لە بروسکەی (لۆزان ژمارە ٨٠ی رۆژی ١٢/٦/ ١٩٢٢)دا هەندێك پێشنیاری كاتی لۆرد كۆرزنی تێدایە سەبارەت بە رادەستكردنەوەی بەشێك لە ویلایەتی مووسڵ، كە باس لەوە دەكات پێویستە لە عێراقدا كۆمەڵێك سازش بۆ توركیا بكرێتو هەندێك ناوچەیان پێبدرێت لەبەرامبەر ناوچە گرنگەكانی ویلایەتی مووسڵدا، یەك لە خاڵەكان ئاماژە بەوە دەكات كە دەڵێت:" ئێمە بەم كارەی خۆمانو حكومەتی عێراق رزگار دەكەین لە خەڵكێكی كەللەرەق كەلە سەختترین ناوچەدا دەژینو تائێستاش نەمانتوانیوە حكومەتێكی باشی تیا دروست بكەین( بێگومان مەبەستی كوردە)".[٩٢] بەلام لە وەلامی بروسكەكەی كورزۆن لە (٥ی كانوونی یەكەمی ١٩٢٢ی ژمارە ٦٠)دا هاتووە:" ئەوەی توركەكان لە راستیدا ئەیانەوێت مووسڵو شارە توركزمانەكانی هەولێروكەركوكو كۆیەیە نەك ئەو ناوچە شاخاوییە كوردییانەی كەلەبری قازانج سەرئێشەیان بۆ دروست دەكات، لیژنەكە وەهای هاتە پێش چاو...كە ئەستەم بێت بتوانین هیچ بەشێك لە خاكەكەی سنوری ئێستای عێراق رادەست بكەین، ئێمە لەسەر پێگەیەكی تۆكمەداینو شتێكی زۆر نەخوازراوە كە ئەم پێگە تۆكمەیە لە پێناو پێشنیارێكدا خەرج بكەین كەلەوانەیە توركەكان رەتی بكەنەوە". [٩٣]

هیچ گومان لەوەدا نییە كە بایەخدان بەنەوت، هۆی پاشگەزبونەوەی ئینگلیز بوو لە پەیمانی لۆزاندا بەرامبەر بە كورد، لە پەیمانی لۆزاندا بە ئاشكرا تەقەلای ئینگلیز بۆ هێشتنەوەی ویلایەتی مووسڵ لەناو چوارچێوەی عێراقدا بوو. ئەمەش لە نوسراوێكی ئەدمیراڵی دەریای بەریتانیادا كە لە( ١٩٢٣/١/١٦)دا بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیای نوسیوە تیایدا هاتووە:" لە ماوەی چەند رۆژێكدا لە دەسپێكردنی گفتوگۆو وتووێژدا لە لۆزان خاڵێكی سەرەكی لە رووی ستراتیجیەوە ئەوەیە كە بەریتانیا دەسەلاتی ئەوەی هەبێ دەست بگرێ بەسەر ئەو ناوچانەدا كە نەوتیان تێدایە".[٩٤]

لە راستیدا كۆنگرەی لۆزان دەست بەرداربوون بوو لە مافەكانی گەلی كورد، ئەگینا وەك كەمالیستەكان گوتیان:" ئەگەر ئینگلیزەكان واتێدەگەن دەتوانن چارەسەری دۆزی كوردستان بكەن، با بێنە ئەرزەرمو بزانن كوردەكان چییان بەسەردێت، تویینبی لەم بارەیەوە وتویەتی:" توركەكان واتێدەگەن بەردەوام بوونی دابەشكردنی كوردستان دەبێتە سۆنگەی ئاژاوە، بۆیە رایانگەیاند كە دەستبەرداری هەموو جیاوكێكی پەیرۆلا دەبن ئەگەر واز لە كوردەكان بهێنن بۆ ئەوان".[٩٥] چونكە ساتێك توركەكان هەستیان بەو بایەخپێدانەی ئینگلیز كرد بەرامبەر بە نەوتی مووسڵ ئیتر توركەكان دەستیان كرد بە داواكردنەوەی ویلایەتی مووسڵو ئینگلیز هەموو جارێك لە وەلامی ئەو داخوازیەی توركدا پێیان دەوت هیچ پەیوەندیەك لە نێوان نەوتی مووسڵو دەستنیشان كردنی چارەنوسی ویلایەتی مووسڵدا نیە، پێویستە ئەو ویلایەتە بخرێتە چوار چێوەی سنوری عێراقەوە.[٩٦] بەلام ئینگلیزەكان هەرگیز بەوە رازی نەدەبوون باشوری كوردستان بكەوێتە دەست توركەكان چونكە ئەوكاتە گەورەترین پارچەی كوردستان دەكەوتە بن دەستی ئەوان ئەمەش وایدەكرد توركیا گەورە بێتو هەموو رەگەزەكانی بەهێز بوونی تیابێت، بوونی دەوڵەتێكی بەم شێوەیش هەرەشەی لە بەرژەوەندیەكانی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێكۆلینێن كوردی

دەكرد لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، ئەمەش یەكێك بوو لەو ئەگەرانەی كە دەوڵەتێكی عەرەبییان لە عێراق دروست كردو باشوری كوردستانیان پێوە لكاند، بە بیانوی ئەوەی پەیوەندی ئابوریو جوگرافی پتەویان بەیەكەوە هەیە.(٩٧) ئەمە جگە لەوەی دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراق كەلە هەردوو ویلایەتی بەسرەو بەغدا پێكهاتبوو پاساوی ژیانی نەبوو، قەوارەیەك بوو ئینگلیز خۆی دایتاشی بوو بۆ ئەوەی بەرژەوەندییە ستراتیجیەكانی خۆی لە ناوچەكەدا دابین بكاتو لكاندنی ویلایەتی مووسڵ بە عێراقەوە ببێتەهۆی دابینكردنی سەرچاوەی ژیان بۆ ئەو دەوڵەتە، هەروەها مەبەستی بوو قەپاغێكی شاخاوی بۆ ئەو دەوڵەتە دروست بكات بۆ ئەوەی لە هێرش و پەلاماری هێزەكانی ڕۆژهەلاتو باكور بیپارێزێ.(٩٨)

لەم بارەیەوە فۆستەر زۆر جوانی نوسیوە:" حكومەتی عێراق بەتەواوی ملكەچی كۆنترۆڵی بەریتانیەكان بووە ئەنجومەنی دامەزراندنی عێراقیش كە داوای باشوری كوردستانی دەكرد ڕەگی پتەوی بە ئامانجی ئینگلیزی عێراقی هاوبەش  بوو، جێگای سەرسوڕمانە تورك و ئینگلیز لە كۆنگرەی لۆزان لەسەر كوردو كوردستان مشتو مڕیان بوو توركەكان دەیانوت مادام  باشوری كوردستان كوردی تیایە كەواتە هی توركەكانە چونكە كورد لە ڕەگەزی توركن، ئینگلیز دەیانگووت كورد لە ڕەگەزی تورك نین، مووسڵ شارێكی عەرەبیەو بەچەند ناوچەیەكی كوردنشین دەورە دراوە، هەروەها بیانگەی ئابوریو جوگرافییان دەهێنایەوە بۆ ئەوەی پاساودانی داواكانی خۆیان بكەن، لە كاتێكدا هیچ لایەكیان ڕێگای كوردییان نەدەدا تەنانەت بەرگریش لە خۆی بكات.(٩٩)  بۆیە لە پەیمانە نوێیەكەدا هیچ ماددەیەك باسی لە بارودۆخی كوردو ئەرمەنەكان نەكردبوو، زامن كردنی مافی كەمایەتیە مسوڵمانەكانو بەتایبەتی كوردو چەركەسو عەرەب باس نەكرا، تەنیا ئەو شتەی ئەو كەمایەتیانە وەریانگرت ئەم گفتە بوو: هیچ جۆرە كۆتو بەندێك لە دژی هاولاتی توركیا لەمەسەلەی زمانی قسەكردنو بازرگانیو ئایینو چاپەمەنی یان بلاوكراوە، یان كۆبونەوەی گشتی پێڕەو ناكرێ، لەگەلا بوونی زمانی فەرمی ئاسانكاری پێویست دەخرێتە خزمەت هاوولاتی غەیرە تورك، زمان بەمەبەستی سود وەرگرتنە لە زمانیان لە دادگاكاندا واتا تەنها بە مافی ڕۆشنبیریو ئایینی، كە لە پێنج بەندی لۆزاندا ئاماژەی پێكراوە (١٠٠) ئیسماعیل بێشكچی لەبارەی ڕێكەوتننامەی لۆزانەوە دەڵێت:" بریتیە لە پارچەكردنی نەتەوەیی كوردو خاكی كوردستان، بۆیە دوو واتای لێك جودای هەیە، بۆ كوردو توركەكان، بۆ تورك واتای دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بوو، بۆ كوردیش واتای بەیەكەوە لكاندن بوو، واتای بە دام و دەزگا كردنی كۆیلەیەتیو بە كۆلۆنیكردن بوو". (١٠١)

بۆیە دوای كۆنگرەی لۆزان بارودۆخ لە كوردستانی توركیا زۆر تێكچوو، هەروەها بێ ئومێد كردنی كورد لە دەرەنجامەكان كۆنگرەی كە هیچ ئومێدێكی لە مافی چارەی خۆنوسین نەهێشت، ئەمەش لە دەستوری توركیادا كە لە (نیسانی ١٩٢٤) مۆركرا بەتەواوی ڕەنگی دابۆوە، ئەم دەستورە بە دەق روحێكی نەتەوەیی توركی شۆڤینێی پێوە دیار بوو، هەموو دانیشتوانو هاولاتیانی توركیا بە تورك لە قەڵەم درابوون، هیچ ووشەیەكی تێدا نەبوو كە باس لە نەتەوەكانی تر بكاتو زمانی توركی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەكولینێن كوردی

بوە زمانی فەرمی وولات، هەربەم شێوەیە چەندین ماددەی تر لە دەستوردا جێگیر کران.[١٠٢] بەمجۆرە تورکیا توانی شکستەکانی خۆی لە دوای سیڤەرەوە بەسەرکەوتنی گەورەتر بگۆڕێتو پێگەی نێو دەوڵەتی خۆی وەرگرێتەوەو جێگەی خۆی بگرێت،و لە ڕێککەوتننامەی لۆزاندا تەواوی داخوازیەکانی جگە لە ویلایەتی مووسڵ بەدەست بهێنێت، بەریتانیاش ئامادە بوو هەموو جۆرە سازشێك لە مافەکانی کوردو خاکی کوردستان جگە لە وویلایەتی مووسڵ بکات لە پێناو پاراستنی دەستکەوتو پێگە ستراتیجیەکەی لەو ناوچەیەدا.

دوای کۆنگرەی لۆزان هەرلەسەرەتاوە مەسەلەی کوردی جەختی لەسەر کێشەی مووسڵ دەکردەوەکە چارەسەرێکی ریشەیی بۆ نەدۆزرایەوە، دوو لایەنی ئۆپۆزیسۆنی لە ململانێدا دەربارەی نەوتی مووسڵ ئەوانیش تورکیاو بەریتانیا بوو کە هەردووکیا کارتی کوردیان بەکار دەهێنا وەك کارتێکی بنەڕەتی، هەردوکیان رۆڵی زۆر جیاوازیان بینی لەو روداوانەی کە بە شێوەیەکی راستەوخۆ یان ناڕاستەوە پەیوەندی بە کێشەی کوردەوە هەبوو.[١٠٣]

دوای هەرەسهێنانی کۆنگرەی لۆزانو گفتوگۆی ئەستەمبولا (١٩٢٤) لە نێوان بەریتانیاو تورکیا بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی درێژخایەنی مووسڵو پرسی گشتی کورد، بەریتانیا بڕیاریدا کێشەکە بەتەواوی بخاتە بەردەم ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان بۆ ئەوەی چارەسەرییەکی پەسەندی بۆ بدۆزێتەوەو هەموو لایەکان بێ کێشە جێ بەجێی بکەن.[١٠٤] پاش ئەوەی لە (١٩٢٣/٢/٢)دا بەریتانیاو تورکیا نەگەیشتنە ئەنجامو تورك بەو پێشنیازەی ئینگلیز رازی نەبوو کە کێشەی مووسڵ بدرێ بە کۆمەڵەی نەتەوەکان (عصبە الامم)، بەلام لە کۆبوونەوەی( ٤/٢٣/ ١٩٢٣)دا کێشەکە ئاسانتر کراو عیسمەت ئینۆنۆ هەر وەکو جاران بەربەرەکانێی  نەدەکرد کە کێشەی مووسڵ بدرێ بە عصبە الامم.[١٠٥] ئەمەش لە نوسراوی نهێنی لۆزان ١٤ی کانونی یەکەمی ١٩٢٢) لە(مەرکۆز کۆرزنی کێدڵستۆنەوە) بۆ (عیسمەت پاشا) بەرچاو دەکەوێت کە بەریتانیا سەرنجی خۆی لەبارەی مووسڵەوە پێ راگەیاندونو تیایدا هاتووە:" لە گفتوگۆ جیاجیاکانماندا لە بارەی مووسڵەوە، ئێوە باسی ئەو هۆکارە رەگەزیو سیاسی ستراتیجیو مێژووییو تادواییەتان بۆ کردم کە حکومەتەکەتان داواکاری گێڕانەوەی ویلایەتی مووسڵی لەسەر بنیاد ناوە من لە وەلامدا پێم راگەیاندن کەمن یەکە یەکەی ئەو داواکاریانەم قبولا نەبوو، ئێستا راپۆرتێکتان بۆ دەنێرم کە تیایدا هۆکارەکانی ئەم هەڵوێستەم باسکردووە، تەواو جیاوازە لەو راستیەی کە بەریتانیای مەزن ناتوانێت وەلامێك ئاڕاستە بکاتەوە کەلە ژێر چاودێری کۆمەڵەی گەلاندا ئینتیدابی کردووەو بونەتە هۆی ئەوەی کە ئەستەم بێت حکومەتەکەم بتوانێت بیر لە رادەستکردنەوەی مووسڵ بکاتەوە".[١٠٦]

لە راستیدا گواستنەوەی کێشەی مووسڵیش بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان پیلانێکی ئینگلیزی بوو، بە پێچەوانەی رێکەوتنی سیڤەر بوو کە چارەنوسی کوردستانی دیاری کردبوو، بەوەی کە خەڵکەکەی


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

بۆیان هەیە بە ئارەزووی خۆیان ببنە بەشێك لەو كوردستانە ئۆتۆنۆمەی كە بڕیاردرا لە بەشێكی كوردستانی باكور پێك بهێنرێتو بۆشی هەبێت ببێتە دەوڵەتێكی سەربەخۆش.(١٠٧) واتە گواستنەوەی كێشەی مووسڵ بۆ سەرمێزی گفتوگۆ لە كۆمەڵەی نەتەوەكاندا هەم بۆ زیندە بەچاڵ كردنی ڕێكەوتننامەكەی سیڤەرو پاشگەزبوونەوە لەو بەڵێنەی بوو كە حكومەتی بەریتانیاو حكومەتی عێراق لە (٢٥ی كانونی یەكەمی ١٩٢٢)دا دابویانو سەلماندبوویان كە خەڵكی كوردستانی عێراق حكومەتی خۆیان دروست بكەن هەم بۆ سەرخستنی پلانی نوێی بەریتانیا بوو بەسەر توركیادا، چونكە بێ گومان كۆمەڵەی نەتەوەكان پشتیوانی لە بەریتانیا زیاتر دەكرد تا دەوڵەتە نوێیەكەی كۆماری توركیا.(١٠٨) كۆمەڵەی گەلانیش لە(١٩٢٣) لیژنەی پێكهێنا بۆ گەیشتن بە ڕاستیەكان، سەردانی مەیدانی كوردستانیان كرد، بەلام سەرباری هەموو ڕاستیەكانو بوونی كورد وەك نەتەوەی سەرەكی ویلایەتەكە كەچی لیژنەكە بڕیاریدا باشترین چارەسەر بۆ ئەو گرفتە لكاندنی باشوری كورددستانە بە عێراقەوە.(١٠٩)

بەریتانیەكان كە هێندە بۆ دامەزراندنی عێراقی عەرەبی بەپەرۆشبوون، ئەی نەدەبوو ئەوە بزانن كەلە پێكهاتەیەكی عێراقی فرە نەتەوەو مەزهەبدا چارەسەرێكی تر بگرن بۆ ئەوەی هەموو لایەك ئاسودە بونایەو بەمافی خۆیان بگەشتنایە، كەلە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا ئەو هەڵەیە دەردەكەوێت كەعێراق كەتوەتە نێو چ زەلكاوێك، وا دیارە ئینگلز لەو ڕۆژگارەدا كە ئابوریيان روخاوە تەنیا بیریان لە بەرژەوەندییەكان كردۆتەوە، ئەویش بەستنی بۆریە نەوتەكانی عێراقبووە بە ئابوری ولاتەكەیانەوە كەلە پێشیانەوە چاڵە نەوتەكانی كەركوكی كوردستان دێت.(١١٠) لەمەوە دەردەكەوێت كە دەوڵەتە داگیركەرەكان هەرگیز لەگەلا پێدانی مافی سەربەخۆییدا نەبوون بەكورد، بەڵكو بەپێچەوانەوە دەوڵەتە ئیمپریالیزمەكان خواستە نەتەوەییەكانیان لە پێناو بەرژەوەندی كۆلۆنیالی خۆیاندا بەكارهێنا، ئەمەش بە ڕوونی لە سیاسەتی ئینگلیزەكاندا دەردەكەوێت، كاتێك دەستیان بەسەر باشوری كوردستاندا گرت بزوتنەوەی كوردیان تێدا سەركوت كرد، بەلام لە هەمانكاتدا پشتیوانی جولانەوەی كوردستان لە باكوری كوردستاندا دەكرد، وەكو فشارێك بۆ سەر كەمالیەكان تا تەنازولی زیاتریان پێ بكەن، هەروەها كەمالیەكانیش بەهەمان شێوە هانی كوردەكانی باشوری كوردستانیان دەدا دژ بە ئینگلیزەكان، بەم شێوەیە ئیمپریالیزمو كەمالیەكان دەیانویست بزوتنەوەی كوردی بۆ مەبەستە كۆنە پارێزەكانی خۆیان بەكاربهێنن.(١١١)

لە كۆتاییدا دەبێ ئەو ڕاستیە بزانین دروست بوونی دەوڵەتێكی كوردی لەباشوری كوردستان، دەبووە هۆی تێكدانی هاوسەنگی هێز لە ڕۆهەلاتداو پێگەیەكی باش بۆ سۆڤیەت لە ناوچەكەدا دروست دەبوو، هەر ئەوم خاڵەش هۆكار بوو بۆ ئەوەی خواستەكانی یۆنانو بەریتانیا لە ناوچە تورك نشینەكان نەهێنرێتە دیو بەسازش كردن لەسەر پرسی كورد توركیا لە بازنەی یەكێتی سۆڤیەت دوربخەنەوەو دواتریش بۆ زیاتر ڕازی كردنی توركیا كە ترسی گەورەی لە دروست بوونی دەوڵەتی كوردی هەبوو، سیڤەریان زیندەبەچالا كردو توركیاش ڕازی بوو كێشەی ویلایەتی مووسڵ بخرێتە بەردەم كۆمەڵەی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێكۆلینێن كوردی

گەلان، بە پێی بەرژەوەندیەکانی خۆیان کێشەکەیان یەکلایی کردەوە، بەبێ لەبەرچاو گرتنی راستیە مێژوویی و جوگرافیەکانو بە بێ خواستی کورد چارەنوسی کوردیان بەست بەو دەوڵەتەی کە هیچ بنەمایەکی هاوبەشی لەگەلا کورددا نەبوو، بەمجۆرە پرسی کورد لە هاوکێشە سیاسیەکانی بەریتانیادا بریتی بوو لە کۆمەڵێك بەرژەوەندیو هیچی تر، باوەڕنە بوون بە کوردو پرسەکەی راستیەکی یەکلاکەرەوەی سیاسەتی بەریتانیا بوو لە ناوچەکەدا، بۆیە قوربانیدان بەم نەتەوەیە کارێکی مەحالا نەبوو.

## ئەنجام:

لە کۆتاییدا کورتەی دەرەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بەچەند خاڵێك دەخەینە روو:-

١- کوردستان یەکێك بوو لەو ناوچانەی کە پێگە جوگرافیەکەی دەوڵەمەندبوو بە زۆر لە کەرەستە خاوەکانی پیشەسازی، لە کۆتایی سەدەی ١٩ بەدواوە، بەروونی دەرکەوت کە خاکی کوردستان کانگای نەوتو غازو هەموو جۆرە کانزاکانی ترە، بەهۆی هەڵگیرسانی جەنگە یەکەمی جیهانیو هاتنە ناوەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان، بە تایبەتی سوپای بەریتانیا زیاتر گرنگیو بایەخی ناوچەکەی لە رووی جوگرافی جیۆپۆلەتیكو ستراتیژەوە بۆ بەدەرکەت، ئیدی لێرەوە کەوتە ململانێو دەستبەسەردا گرتنو کۆنترۆلا کردنی ناوچەکە.

٢- مەسەلەی کورد لە رۆژهەلاتی نزیکدا، لە بواری سیاسیدا جێگە بایەخو مشتو مڕ بوو، بەریتانیا لە هەمووان زیاترو بە شێوەیەکی تایبەتی چاوی بڕیبووە کوردو بەلایەوە گرنگ بوو، ئینگلیزەکان هەوڵیان ئەدا کورد بکەن بە هاوپەیمانی خۆیان بۆ ئەوەی نفوزو دەسەلاتی روسیاو ئەڵمانیا لە ئاسیای نزیکدا کەم بکەنەوە، هەر بۆیە ماوەیەك بەر لە دەسپێکی جەنگ، کوردستان ببووە مۆڵگەی سیخۆڕێتی لایەنە رکابەرەکان، بۆیە لەیەکەم ساتی هەڵگیرسانی شەڕەوە کوردستان بووە گۆڕەپانی جەنگو یەکلایی کردنەوەی چارەنوسی بەرەکانی شەڕ.

٣- لە دوای تەواوبوونی جەنگ کورد کەوتە جموجوڵی سیاسی بە ئومێدی دروستکردنو پێکەوەنانی قەوارەیەکی سەربەخۆ لە ناوچەکەدا، تەنانەت پێش کۆتایی جەنگ کورد پەیوەندی بە بەریتانیەکانەوە کردوە، بەلام حکومەتی بەریتانیا سەرەتا سیاسەتەکانی خۆی سەبارەت بە ناوچەکە ئاشکرا نەکردو بەڵێنی پێکەوەنانی هەرێمێکی ئۆتۆنۆم یاخود سەربەخۆی لە ژێر سەرپەرستی بەریتانیا بە کوردەکان دا. بەلام ئەمە تەنها سەرەتای سیاسەتێکی ناڕونو کاتی بەریتانیەکان بوو بەرامبەر بە کوردو حوکمڕانی کورد لەو قۆناغە مێژوویەدا.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

٤- ناڕوونی سیاسەتی ئینگلیز بەرامبەر بە کورد هەر لەسەرەتای حوکمداریەتەکەی شێخ مەحمودەوە بەدەرکەوت، کاتێك شێخ مەحمود کرا بە حکومدار سنوری دەسەلاتی شێخ بەهیچ شێوەیەك دیاری نەکرابوو، بگرە سنوری بەشێکی زۆری ناوچەکانی تر لەدەرەوەی سنوری حوکمڕانیەکەی شێخدا بوون، ئەمەش بەروونی دەریدەخات کە دانان بە شێخ مەحمووددا وەك حاکمی گشتی سلێمانی، سیاسەتی باوەڕپێکراوی بەریتانیا نەبووە، بەڵکو تەنها تاکتیکێکی کاتی بوو، لە ژێر فشاری بارودۆخی سیاسیو سەربازییدا هاتبووە ئاراوەوە، بۆیە لەیەکەم دەرفەتیاندا پەلاماری حکومەتەکەی شێخیانداو دەسەلاتەکەیان پێچایەوە.

٥- ئەوەی لە هەڵوێستی بەریتانیادا بەرامبەر بە کورد بەرچاو دەکەوێت، بوونی کۆمەڵێك بەرژەوەندی سیاسیو ئابوری لە ناوچەکەدا رۆڵی یەکلاکەرەوەی هەبووە لە گۆڕینی ستراتیژو سیاسەتی بەریتانیا، بەلام سەرباری ئەوەش هەڵە سیاسیایەکانی سەرکردایەتی ئەو کاتەی کورد رۆڵی لە گۆڕینی سیاسەتی بەریتانیادا هەبوو، چونکە هەر لە هاتنیان بۆ سلێمانیو کۆبونەوەیان لەگەلا شێخ مەحمودو سەرۆك خێلاو سەرکردەکانی کورددا، بۆیان دەرکەوت ئەوان لەگەل یەکتریدا ناکۆکنو تەبا نین لەسەر جۆری ئەو فەرمانڕەواییەی دەیانەوێت. ئەمەش کاریگەری لەسەر رەوتی رووداوەکانی دواترو هەڵوێستی بەریتانیا کرد.

٦- قۆناغێکی دیکەی خەونەکانی کورد لە پەیماننامەی سیڤەردا گەلاڵە بوو، لە رێکەوتننامەی سیڤەردا کورد ئومێدی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بوو، بەلام سیڤەریش روناکی نەدیت و نەکەوتە بواری جێبەجێ کردنەوە، سەرباری کەمو کورتیەکانی ئەم پەیماننامەیە، بەلام هیواو ئومێدی کوردان بوو، لە بەدیهێنانی کوردستانی سەربەخۆدا، لەگەلا ئەوەشدا ئەگەر ناوەرۆکی بەندەکانی تایبەت بە کوردستان بە جوانی لێك بدەینەوە دەبینین پڕە لە ناکۆکیو جودایيو بێ متمانەیی بە داهاتووی کورد، هەر لە ئەنجامی ئەوەشدا بەهۆی بەرژەوەندی دەوڵەتە گەورەکان بەتایبەتی بەریتانیا رێکەوتنامەی سیڤەر وەلا نراو رێکەوتنامەی لۆزان بەسترا کەبەیەکجاری کێشەی کوردی پشت گوێ خست.

٧- کۆتا جولانەوەو سیاسەتی دوژمنکارانەی بەریتانیا دژ بە کورد، لکاندنی ویلایەتی مووسڵ بوو، بەو دەوڵەتە عەرەبیەی کە بەریتانیا دروستی کردبوو، ئەوە بوو کێشەی مووسڵی رادەستی کۆمەڵەی نەتەوەکان کرد، کە هەر لەسەرەتاوە پیلانێکی ئینگلیزی بوو، بە پێچەوانەی رێکەوتننامەی سیڤەرەوە بوو، کە بەڵێنی سەربەخۆیی پێدابوون، لە ئاکامدا لەبری سەربەخۆیی بەشێکی کوردستانی دابڕی و کردی بە دیاری بۆ دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراقو کێشەی ویلایەتێکی بە کراوەیی بەجێهێشت، کەتا ئێستاش بۆتە شوێنی ململانێو دووبەرەکی.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## پەراوێز:

(١) یوسف محەمەد بەرزنجی: چارەنوسی کورد پەترۆلا وەك مەسەلەیەکی ستراتیژی، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٢٠٥.

(٢) م. رەسولا هاوار: کوردو باکوری کوردستان لە دوای شەری یەکەمی جیهانیەوە هەتا دوی شۆرشی شێخ سەعیدی پیران، بەرگی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٧.

(٣) ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی: سایکس بیکۆو ترازاندنی جەمسەری کێشەی کوردی باشور، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٧.

(٤) محمد احمد ابراهیم گەلالەییی: هەڵوەشانەوەی کوردستانی عوسمانی لە ئەنجامی رێککەوتننامەی سایکس بیکۆدا ١٩١٦، گۆڤاری زانکۆی سلێمان، ژمارە (٥٥)، ئایاری ٢٠١٨، ل٤٥٤.

(٥) وەرگیراوە لە کامەران ئەحمەد محەمەد ئەمین(کامەران مەنتك): کوردستان لە نێوان ململانێی نێو دەوڵەتیو ناوچەییدا١٨٩٠- ١٩٣٢، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل ٩٤.

(٦) هەمان سەرچاوە، ل٩٤- ٩٥.

(٧) م.س. لازارێف: کێشەی کورد ١٨٩٦- ١٩١٧، و/ د. کاوس قەفطان، بەشی یەکەم، بەغداد، ١٩٨٩، ل١٢٥.

(٨) کمال مظهر احمد(الدکتور): کردستان فی سنوات الحرب العالمیە الاولی، ت/ محمد ملا عبدالکریم، گ٣، الاربیل، ٢٠١٣، ص٤٩.

(٩) عزت فتاح حمە صالح(پ.ی.د): کلتوری کوردو رێککەوتننامەی سایکس بیکۆ، گۆڤاری تایبەت بە سایکس بیکۆ، گۆڤاری زانکۆی سلێمان، ژمارە (٥٥)، ئایاری ٢٠١٨، ل ١٢٨

(١٠) یوسف محەمەد بەرزنجی: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٥- ٢٠٦.

(١١) محمد احمد ابراهیم گەلالەییی: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥٤- ٤٥٥.

(١٢) عزت فتاح حمە صالح: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٨

(١٣) کامەران ئەحمەد محەمەد ئەمین(کامەران مەنتك): سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٤.

(١٤) ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٧- ١٨.

(١٥) عزت فتاح حمە صالح: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٧.

(١٦) ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٨.

(١٧) هیوا سەعید (دکتۆر)، ئامانج حسن احمد(دکتۆر):کاریگەری ئەفسەرانی ئینگلیز لەسەر پرسی کورد(١٩١٦-١٩٢٣)، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٥٥)، ئایاری ٢٠١٨، ل٢٧٤.

(١٨) سەلام ناوخۆش: مەسەلەی کوردستان لە نێوان ململانێی تورکو ئینگلیز سەرەتایەك بۆ داگیر کردن، ٢٠٠١/ ل٧.

(١٩) م.س. لازارێف: کێشەی کورد١٨٩٦- ١٩١٧، و/ د. کاوس قەفتان، بەشی دووەم، بەغداد، ١٩٨٩، ل٦٣٥.

(٢٠) دەیڤید کۆرن: ئەو دوو پیاوەی کوردیان لکاند بە عێراقەوە پێرسی کوکسو ئارنۆڵد تی. وێڵسن، و/ ئاوات عەبدوڵلا، ناوەندی چاپەمەنیو راگەیاندنی خاك، ٢٠٠٧، ل١٩.

(٢١) ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٩-٢٠.

(٢٢) دەیڤید کۆرن: سەرچاوەی پێشوو، ل٢١.

(٢٣) ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٩.

(٢٤) کاوە قادر نادر: بە عێراقیکردنەوە یان قوڵبونەوەی قەیرانی ناسنامە، هەولێر، ٢٠١٠، ل٢٩- ٣٠.



Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

(٢٥) سروه اسعد صابر(الدكتوره): كوردستان الجنوبيه ١٩٢٦- ١٩٣٩، سليمانيه، ٢٠٠٦، ص ١٧.

(٢٦) ايوب بارزانى: المقاومه الكرديه للاحتلال (١٩١٤-١٩٥٨)، فرنسا، ٢٠٠٢، ص٢٣.

(٢٧) عەزیز شەریف: مەسەلەی کورد لە عێراق، و/ حەمە کریم عارف، ٢٠٠٥، ل١٨.

(٢٨) م. رەسولا هاوار: کوردو باکوری کوردستان لە دوای شەری یەکەمی، بەرگی دووەم، ل٣٨.

(٢٩) سروه اسعد صابر: المصدر السابق، ص١٧.

(٣٠) ئی. جەی. ئار: پوختەی کاروباری کاتی جیهانی لە کوردستان جنوبی، و/ مەمەهاباد سالح ئەحمەد، سلێمانی، ٢٠١١، ل٣٠.

(٣١) وەرگیرواه لە ئەحمەد خواجە: چیم دی شۆرشەکانی شێخ مەحموودی مەزن، هەولێر، بەرگی یەکەم، چ٢، ٢٠٠٣، ل٢٠.

(٣٢) سروه اسعد صابر: المصدر السابق، ص١٧.

(٣٣) دەیڤید کرۆن: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.

(٣٤) م.س. لازاریێف: کێشەی کورد١٨٩٦- ١٩١٧، بەشی دووەم، ل٦٦٤- ٦٦٥.

(٣٥) کورد لە بەلگەنامە نهێنیەکانی بریتانیادا ١٩١٨- ١٩٢٤، و/ بروسکە عەبدول، بەرگی یەکەم، لەبلاوکراوەکانی دەزگای دوارۆژ، ٢٠١٧، ل١٥٤؛ ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر(دکتۆر): کوردو کوردستان لە کۆمەڵە وتارێکی مێژوویدا، کوردستان، ٢٠٠٥، ل ٣٤.

(٣٦) ئەحمەد خواجە: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢؛ سەلام ناوخۆش: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣.

(٣٧) وەرگیراوە لە سەلام ناوخۆش: سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣- ٣٤.

(٣٨) عەبدولقادر شکاك: بارودۆخی سیاسی کوردستان لە نێوان سالانی ١٩٠٥-١٩٣٠، سلێمانی ٢٠١٣، ل ٧١-٧٢.

(٣٩) ايوب بارزانى: المصدر السابق، ص٢٧.

(٤٠) وەرگیراوە لە سەلام ناوخۆش: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤.

(٤١) م.ر. هاوار: شێخ مەحمودی قارەمانو دەوڵەتەکەی خواروی کوردستان، بەرگی یەکەم، لەندەن، ١٩٩٠، ل٢٥٢.

(٤٢) رەفیق حلمی: یادداشت،چ٣، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٤٩- ٥٠.

(٤٣) ئەحمەد خواجە: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣.

(٤٤) فەرهاد پیربال: ژەنەرال شەریف پاشا ١٨٦٥- ١٩٥١، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٣٠.

(٤٥) نەوشیروان مستەفا ئەمین: کوردستانی عێراق سەردەمی قەلاەمو موراجەعات(١٩٢٨-١٩٣١)دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٧

(٤٦) م.ر. هاوار: شێخ مەحمودی قارەمانو دەوڵەتەکەی خواروی کوردستان، بەرگی یەکەم، ل٢٥٦.

(٤٧) دەیڤید کۆرن: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢.

(٤٨) سەلام ناوخۆش: سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥.

(٤٩) م.ر. هاوار: شێخ مەحمودی قارەمانو دەوڵەتەکەی خواروی کوردستان، بەرگی یەکەم، ل٢٥٩.

(٥٠) حامد محمود عیسی(دکتۆر): کێشەی کورد لە عێراق، و/ سوارە قەلادزەیی، بەشی ١، هەولێر، ٢٠١٤، ل٧٣ ٧٤.

(٥١) نەوشیروان مستەفا ئەمین: کوردو عەجەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٢٨٣.

(٥٢) مس بێلا: کورد لە نامەکانی میس بێڵ دا، و/ محەمەد حەمە سالح تۆفیق، سلێمانی، ٢٠١٦، ل٩٠.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

(٥٣) کەمال مەزهەر(دکتۆر): چەند لاپەرەیەك لە مێژووی گەلی کورد، بەرگی دووەم، هەولێر، ٢٠٠١، ل٨٣.

(٥٤) پاکزە رەفیق حیلمی (پرۆفیسۆر): کوردو ژیانێکی پر ئەندێشە، یادداشت، هەولێر، ٢٠٠٠، ل٢٠.

(٥٥) رەفیق حلمی: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧.

(٥٦) پاکزە رەفیق حیلمی: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠.

(٥٧) سەلام ناوخۆش: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤.

(٥٨) کورد لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی بریتانیادا ١٩١٨- ١٩٢٤، بەرگی یەکەم، ٢٠١٧، ل١٧٩.

(٥٩) کەندالا نەزان و ئەوانی تر: گەلێکی پەڕموردەو نیشتیمانی پەرت کوردو کوردستان، سوید، ١٩٩٨، ل١٠٢.

(٦٠) سوزان کەریم مستەفا: تۆفیق وەهبی ژیاننامەو رۆڵی لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردیدا، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٩-٢٠.

(٦١) م. ر. هاوار: شێخ مەحمودی قارەمانو دەوڵەتەکەی خواروی کوردستان، بەرگی دووەم، لەندەن، ١٩٩١، ل٢٧٥.

(٦٢) سەلام ناوخۆش: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥- ٣٦.

(٦٣) محمد سلام: لۆزانی ١٩٢٣و لۆزانی ١٩٩٠، هەولێر، ٢٠٠٠، ل١٦؛ سەلام ناوخۆش: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦.

(٦٤) کەندالا نەزان و ئەوانی تر: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٣.

(٦٥) یوسف محەمەد بەرزنجی: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٧- ٢٠٨.

(٦٦) م. ر. هاوار: شێخ مەحمودی قارەمانو دەوڵەتەکەی خواروی کوردستان، بەرگی دووەم، ل٤٢٩؛ ئەحمەد خواجە: سەرچاوەی پێشوو، ل٨٢.

(٦٧) م. ر. هاوار: شێخ مەحمودی قارەمانو دەوڵەتەکەی خواروی کوردستان، بەرگی دووەم، ل٣٦٠.

(٦٨) کورد لەبەڵگەنامە نهێنیەکانی بەریتانیادا ١٩١٨- ١٩٢٤، و/ یاسار شێرکۆ، دیار ئەکرەم، بەرگی سێهەم، دەزگای دوارۆژ بۆ روناکبیریو راگەیاندن، ٢٠١٧، ل٤٨٥.

(٦٩) یوسف مەمەد بەرزنجی: سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٣.

(٧٠) بێ ناوی نوسەر: دەقەکانی کۆنگرەی سیڤەرو خوێندنەوەیەکی تر، و/سەلام ناوخۆش، چ٢، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٣٢.

(٧١) کاوە نادر قادر: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٥.

(٧٢) سروە صابر اسعد: المصدر السابق، ص ١٩.

(٧٣) هیسەر لێهر واگنەر: کورردستان لە نێوان سیڤەرو سنورە دەستکردەکاندا، و/ شەفیقی حاجی خدر، هەولێر، ٢٠١٢، ل٧١.

(٧٤) ئەمین قادر مینە: ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان، تەرحیل تەعریب، تەبعیس، چ٢، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٨١.

(٧٥) عەزیز شەریف: سەرچاوەی پێشوو، ل١٩.

(٧٦) محەمەد ساڵح ئاکرەیی: کوردو دەوڵەتی سەربەخۆ، دهۆك، ٢٠٠٧، ل٢٧، ٢٨.

(٧٧) سیسیل جۆن ئیدمۆنز: کورد تورك عەرەب، و، حامید گەوهەری، هەولێر، ٢٠٠٤، ل١٥٤.

(٧٨) بێ ناوی نوسەر: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.

(٧٩) دیڤید ماکداول: مێژووی هاوچەرخی کورد، و/ ئەبوبەکر خۆشناو، بەرگی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٢٨٧.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

(٨٠) وليد حمدى(الدكتور): الكرد و الكردستان في الوثائق البريطانية، ١٩٩٢، ص٣٢٢.

(٨١) كاوه نادر قادر: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٥- ١١٦.

(٨٢) بێ ناوی نوسەر: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢.

(٨٣) دیڤید ماكداول: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٧- ٢٧٨.

(٨٤) مس بێلا: سەرچاوەی پێشوو، ل٩٠.

(٨٥) دیڤید ماكداول: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٢- ٢٨٣.

(٨٦) كامەران مەنتك: سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٧.

(٨٧) كاوه نادر قادر: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٧.

(٨٨) حامید مەحمود عیسی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٧.

(٨٩) كەمال نوری مەعروف: مێژوووی شۆرشەكانی شێخ مەحمود له بەڵگەنامه نهێنیەكاندا، بەرگی یەكەم، سلێمانی، ٢٠١٦؛ كامەران مەنتك: سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٧.

(٩٠) كامەران مەنتك: سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٦.

(٩١) م.ر. هاوار: شێخ مەحمودی قارەمانو دەوڵەتەكەی خواروی كوردستان، بەرگی دووەم، ل٤٣٦

(٩٢) كورد لەبەڵگەنامه نهێنیەكانی بەریتانیادا ١٩١٨- ١٩٢٤، بەرگی سێهەم، ل٣١٥.

(٩٣) هەمان سەرچاوه، ل٣١٦- ٣١٧.

(٩٤) م.ر. هاوار: شێخ مەحمودی قارەمانو دەوڵەتەكەی خواروی كوردستان، بەرگی دووەم، ل٤٣٥.

(٩٥) كامەران مەنتك: سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٨.

(٩٦) م.ر. هاوار: شێخ مەحمودی قارەمانو دەوڵەتەكەی خواروی كوردستان، بەرگی دووەم، ل٤٣٥.

(٩٧) كامەران مەنتك: سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٨.

(٩٨) ئەمین قادر مینه: سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣.

(٩٩) كامەران مەنتك: سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٨.

(١٠٠) دیڤید ماكداول: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٩؛ محمد سلام: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢.

(١٠١) وەرگیراوه له كامەران مەنتك: سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٠.

(١٠٢) م.س. لازاریف: النچال و الاخفاق المسأله الكردیه فی سنوات ١٩٢٣- ١٩٤٥،ت/ صادق الجلاد، السلیمانیه، ٢٠٠٦، ل٥٣.

(١٠٣) المصدر نفسه، ل٤٨- ٤٩.

(١٠٤) ئەحمەد عوسمان ئەبوبەكر: سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦.

(١٠٥) م.ر. هاوار: شێخ مەحمودی قارەمانو دەوڵەتەكەی خواروی كوردستان، بەرگی دووەم، ل٤٦٣.

(١٠٦) كورد لەبەڵگەنامه نهێنیەكانی بەریتانیادا ١٩١٨- ١٩٢٤، بەرگی سێهەم، ل٣٢٤.

(١٠٧) فاضل حسین(دكتۆر): كێشەی ویلایەتی مووسلا، و/ محەمەد شاكەلی، سلێمانی، ١٩٩٩، ل١٠.

(١٠٨) هەمان سەرچاوه، ل١١.

(١٠٩) لقمان فاروق نانەكەلی: كورد له مێژووی پەیماننامه نێو دەوڵەتییەكانداوەك گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت لەو سەردەمەدا، هەولێر، ٢٠١١٤، ل١٤٩، ١٥٠.

(١١٠) كەمال نوری مەعروف: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣- ٥٤.

(١١١) جلیلی جلیل، م.س. لازاریف، م.ا. حسرتیان، شاكرو محویان، اولغا جیغالینا: الحركه الكوردیه فی العصر الحدیپ، ت/ د. عبدی حاجی، دهوك، ٢٠١٢، ص١٣٣.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ فەكۆلینێن كوردی

## لیستی سەرچاوەکان:

### کتێب بەزمانی کوردی:-


١. ئەحمەد خواجە: چیم دی شۆرشەکانی شێخ مەحموودی مەزن، هەولێر، بەرگی یەکەم، چ٢، ٢٠٠٣.

٢. ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی: سایکس بیکۆو ترازاندنی جەمسەری کێشەی کوردی باشور، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٣. ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر(دکتۆر):: کوردو کوردستان لە کۆمەڵە وتارێکی مێژوویدا، کوردستان، ٢٠٠٥.

٤. ئەمین قادر مینە: ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان، تەرحیل، تەعریب، تەبعیس، چ٢، سلێمانی، ١٩٩٩.

٥. ئی. جەی. ئار: پوختەی کاروباری کاتی جیهانی لە کوردستانی جنوبی، و/ مەهاباد ساڵح ئەحمەد، سلێمانی، ٢٠١١.

٦. بێ ناوی نوسەر: دەقەکانی کۆنگرەی سیڤەرو خوێندنەوەیەکی تر، و/سەلام ناوخۆش، چ٢، هەولێر، ٢٠٠٩.

٧. پاکیزە رەفیق حیلمی (پرۆفیسۆر): کوردو ژیانێکی پر ئەندێشە، یادداشت، هەولێر، ٢٠٠٠.

٨. حامد محمود عیسی (دکتۆر): کێشەی کورد لە عێراق، و/ سوارە قەلادزەیی، بەشی ١، هەولێر، ٢٠١٤.

٩. دەڤید کۆرن: ئەو دوو پیاوەی کوردیان لکاند بە عێراقەوە پێرسی کوکسو ئارنۆڵد تی. وێڵسن، و/ ئاوات عەبدوڵلا،ناوەندی چاپەمەنیو راگەیاندنی خاك، ٢٠٠٧، ل١٩.

١٠. دیڤید ماکداول: مێژووی هاوچەرخی کورد، و/ ئەبوبەکر خۆشناو، بەرگی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.

١١. رەفیق حلمی: یادداشت،چ٣، سلێمانی، ٢٠٠٣.

١٢. سەلام ناوخۆش: مەسەلەی کوردستان لە نێوان ململانێی تورکو ئینگلیز سەرەتایەك بۆ داگیر کردن، ٢٠٠١.

١٣. سوزان کەریم مستەفا: تۆفیق وەهبی ژیاننامەو رۆڵی لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردیدا، سلێمانی، ٢٠٠٤.

١٤. سیسیل جۆن ئیدمۆنز: کورد تورك عەرەب، و، حامید گەوهەری، هەولێر، ٢٠٠٤.

١٥. عەبدولقادر شکاك: بارودۆخی سیاسی کوردستان لە نێوان سالانی ١٩٠٥-١٩٣٠، سلێمانی ٢٠١٣.

١٦. عەزیز شەریف: مەسەلەی کورد لە عێراق، و/ حەمە کریم عارف، ٢٠٠٥.

١٧. فاضل حسین(دکتۆر): کێشەی ویلایەتی مووسڵ، و/ محەمەد شاکەلی، سلێمانی، ١٩٩٩.

١٨. فەرهاد پیربالْ: ژەنەرال شەریف پاشا ١٨٦٥- ١٩٥١، سلێمانی، ٢٠٠١.

١٩. قادر نادر: بە عێراقیکردنەوە یان قوڵبونەوەی قەیرانی ناسنامە، هەولێر، ٢٠١٠.

٢٠. کامەران ئەحمەد محەمەد ئەمین(کامەران مەنتك): کوردستان لە نێوان ململانێی نێو دەوڵەتیو ناوچەییدا١٨٩٠- ١٩٣٢، سلێمانی، ٢٠٠٠.

٢١. کەمال نوری مەعروف: مێژووی شۆرشەکانی شێخ مەحمود لە بەڵگەنامە نهێنیەکاندا، بەرگی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٦.

٢٢. کەندالا نەزان و ئەوانی تر: گەلێکی پەژموردەو نیشتیمانی پەرت کوردو کوردستان، سوید، ١٩٩٨.

٢٣. کورد لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی بریتانیادا ١٩١٨- ١٩٢٤، و/ بروسکە عەبدول، بەرگی یەکەم، دەزگای دوارۆژ بۆ روناکبیریو راگەیاندن، ٢٠١٧.

٢٤. کورد لەبەڵگەنامە نهێنیەکانی بەریتانیادا ١٩١٨- ١٩٢٤، و/ یاسار شێرکۆ، دیار ئەکرەم، بەرگی سێهەم، دەزگای دوارۆژ بۆ روناکبیریو راگەیاندن، ٢٠١٧.

٢٥. کەمال مەزهەر(دکتۆر): چەند لاپەرەیەك لە مێژووی گەلی کورد، بەرگی دووەم، هەولێر، ٢٠٠١.

٢٦. لقمان فاروق نانەکەلی: کورد لە مێژووی پەیماننامە نێو دەوڵەتییەکانداوەك گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت لەو سەردەمەدا، هەولێر، ٢٠١١٤.

٢٧. م. رەسولا هاوار: کوردو باکوری کوردستان لە دوای شەری یەکەمی جیهانیەوە هەتا دوی شۆرشی شێخ سەعیدی پیران، بەرگی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.

٢٨. م. ر. هاوار: شێخ مەحمودی قارەمانو دەوڵەتەکەی خواروی کوردستان، بەرگی یەکەم، لەندەن، ١٩٩٠.

٢٩. م. ر. هاوار: شێخ مەحمودی قارەمانو دەوڵەتەکەی خواروی کوردستان، بەرگی دووەم، لەندەن، ١٩٩١.

٣٠. م. س. لازارێف: کێشەی کورد ١٨٩٦- ١٩١٧، و/ د. کاوس قەفطان، بەشی یەکەم، بەغداد، ١٩٨٩.

٣١. م. س. لازارێف: کێشەی کورد ١٨٩٦- ١٩١٧، و/ د. کاوس قەفتان، بەشی دووەم، بەغداد، ١٩٨٩.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆلینێن کوردی

٣٢. محەمەد ساڵح ئاکرەیی: کوردو دەوڵەتی سەربەخۆ، دهۆك، ٢٠٠٧.

٣٣. محمد سلام: لۆزانی ١٩٢٣و لۆزانی ١٩٩٠، هەولێر، ٢٠٠٠.

٣٤. مس بێلا: کورد لە نامەکانی میس بێڵ دا، و/ محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق، سلێمانی، ٢٠١٦.

٣٥. نەوشیروان مستەفا ئەمین: کوردو عەجەم، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٣٦. نەوشیروان مستەفا ئەمین: کوردستانی عێراق سەردەمی قەلاەمو موراجەعات(١٩٢٨-١٩٣١)دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩.

٣٧. هیسەر لێهر واگنەر: کورردستان لە نێوان سیڤەرو سنورە دەستکردەکاندا، و/ شەفیقی حاجی خدر، هەولێر، ٢٠١٢.

٣٨. یوسف محەمەد بەرزنجی: چارەنوسی کورد پەترۆلا وەك مەسەلەیەکی ستراتیژی، سلێمانی، ٢٠١٣.

## کتێب بەزمانی عەرەبی:-

٣٩. ايوب بارزانى: المقاومة الكردية للاحتلال (١٩١٤-١٩٥٨)، فرنسا، ٢٠٠٢، ص٢٣.

٤٠. جليلي جليل، م.س. لازاريف، م.ا. حسرتيان، شاكرو محويان، اولغا جيغالينا: الحركة الكوردية في العصر الحديث، ت/ د. عبدى حاجى، دهوك، ٢٠١٢، ص١٣٣.

٤١. سروة اسعد صابر(الدكتورة): كوردستان الجنوبية ١٩٢٦- ١٩٣٩، سليمانية، ٢٠٠٦، ص ١٧.

٤٢. كمال مظهر احمد(الدكتور):: كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، ت/ محمد ملا عبدالكريم، ط٣، الاربيل، ٢٠١٣، ص٤٩.

٤٣. وليد حمدى (الدكتور): الكرد و الكردستان في الوثائق البريطانية، ١٩٩٢، ص٣٢٢.

٤٤. م.س. لازاريف: النضال و الاخفاق المسألة الكردية في سنوات ١٩٢٣- ١٩٤٥،ت/ صادق الجلاد، السليمانية، ٢٠٠٦، ل٥٣.

## گۆڤار بەزمانی کوردی:-

٤٥. عزت فتاح حمە صالح(پ.ی.د): کلتوری کوردو رێککەوتننامەی سایکس بیکۆ، گۆڤاری تایبەت بە سایکس بیکۆ، گۆڤاری زانکۆی سلێمان، ژمارە (٥٥)، ئایاری ٢٠١٨.

٤٦. هیوا سەعید (دکتۆر)، ئامانج حسن احمد(دکتۆر):کاریگەری ئەفسەرانی ئینگلیز لەسەر پرسی کورد(١٩١٦-١٩٢٣)، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٥٥)، ئایاری ٢٠١٨.

٤٧. محمد احمد ابراهیم گەلاڵەیی: هەڵوەشانەوەی کوردستانی عوسمانی لە ئەنجامی رێککەوتننامەی سایکس بیکۆدا ١٩١٦، گۆڤاری زانکۆی سلێمان، ژمارە (٥٥)، ئایاری ٢٠١٨.

# القضية الكوردية في المعادلات السياسية البريطانية

# (١٩١٨-١٩٢٥)


## الملخص:

ان كوردستان باعتبارها ذات موقع مهم ومؤثر اصبحت بعد الحرب العالمية الاولى وبموجب اتفاقية سايكس بيكو تحت سيطرة الانتداب البريطاني، وخلال هذه الفترة ولحد الان فان بريطانيا تمارس سياسات عدائية ضد الكورد، حيث انه منذ ذلك الوقت سمحت بريطانيا وفرنسا بانشاء العديد من الدول والدويلات خلال سيطرتها على الشرق الاوسط، ولكنها تعد من اشد المعارضين للقضية الكوردية ،حتى وانها وضعت القضية الكوردية في قفص الدول الاقليمية وان التخلص من هذه المشكلة كلف الكورد ضحايا كبيرة خلال مئة سنة الماضية، وان بريطانيا باعتبارها دولة كبيرة لم تكن مع حل القضية الكوردية واستقلال الكورد، وانها لم تخفي عدائها لذلك ، وان هنالك العديد من الوثائق والتقارير وحتى في اتفاقيات سيفر ولوزان اظهرت موقفها الحقيقي، وانه في هذا البحث نسعى الى تسليط الضوء على موقف وسياسات بريطانيا (تجاه) القضية الكوردية وتتضمن قراءة نقدية للوعود والاتفاقيات المبرمة مع بريطانيا، بالمقابل اظهار ضعف الدبلوماسية الكوردية وسوء التعامل في هذه الفترة التاريخية. بالاستناد الى الادلة والوثائق الدولية نسعى الى تسليط الضوء على الاسباب ونتائج السياسات البريطانية على القضية الكوردية .

**وان هذا البحث يتضمن مقدمة ومحورين رئيسيين:-**

المحور الاول مخصص لبحث موقف بريطانيا من القضة الكوردية بعد انتهاء الحرب العالمية الاولى وتسليط الضوء على الموقف البريطاني من القضية الكوردية واراء ومواقف الساسة البريطانيين ومساعي الكورد المبذولة لتحقيق الاستقلال ،وتسليط الضوء على وضعف الدبلوماسية الكوردية خلال هذه الفترة التاريخية .

والمحور الثاني مخصص لبحث موقف بريطانيا من القضية الكوردية بين اتفاقيتي سيفر ولوزان ،وفيها تم سليط الضوء على موقع ومكانة الكوردية في الاتفاقيات الدولية بعد الحرب العالمية الاولى والمشاكل والعقبات التى حالت دون تحقيق امانى الكوردى فى انشاو كيان مستقل .



***الكلمات الدالة: الكرد، بريطانيا، نوئيل، سيفر، لوزان.***





Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

# The Kurdish Issue in British political equations (1918-1925)


## Abstract:

Following the world war one Kurdistan, this has had geopolitical and imperative territory, put under British mandate due to Sykes-Picot agreement. Since then Britain has implies hostile attitude toward Kurds. Both Britain and France have had hands and helped to establish many new states in the Middle East. Those states were confronting Kurds nation and consider Kurds as its enemies.

Both Britain and France have left political legacy by dividing Kurdish territories on regional countries including Iraq, Iran, Turkey, and Syria. Kurds since then struggled for their freedom and establishing their independence state, but Britain as superpower state never supports Kurds struggle for independency. Many documents and reports are proves this truth that even in the Treaty of Sevres and treaty of Lausanne, Britain are confronting establishment of Kurdish estate.

This research paper is explores the Britain stance and policy toward Kurdish issue through critical analysis to Britain's promises for Kurdish over that period. As well as the research will examine the weaknesses of Kurdish diplomacy in that historical phase. The research will assess and analyze international resources and documents in order to highlight the grounds and consequences of Britain's policy toward Kurdish case.

The research will divided into two components; the first one is dedicated to discuss the Britain's attitude toward Kurdish dossier after world war one, which highlighted the Britain's official stance as well as British politicians view toward Kurdish struggle for independency. However shows up weaknesses of Kurdish leaders to dealing with political situation in that period. The second part is dedicated to discuss the Britain standpoint toward Kurdish dossier in both treaty of Sevres and Lausanne. This part is focused on Kurds in international treaties and agreements following the world war one. It also explores the obstacles and barriers among Kurds in their struggle to owning and establishing their independence state.



***Key words***: *Kurds, British, Noel, Sever, Lausanne.*